بالندەکانی ئێوارە

ناوی کتێب: باڵندەکانی ئێوارە

نووسینی: کۆمەڵێ نووسەر

وەرگێڕانی: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

بابەت: چیرۆك

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ١٥٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن: ٤٠ ی ٢٠٠٨

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠٠٨

کوردستان ـسلێمانی

www.serdam.net
www.serdam.info

# باڵندەکانی ئێوارە

کۆمەڵێک چیرۆکی هەڵبژاردە

وەرگێڕانی لە تورکییەوە

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

سلێمانی ٢٠٠٨

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە ( ٤٣٨ )

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
**ئازاد بەرزنجی**

# پێرست


| | | |
|---|---|---|
| کۆتر | ئەرداڵ ئۆیز | ٧ |
| ئەڕڕڕک پیاو | سوزان سەمانجی | ١٩ |
| دیدار | سۆزان سەمانجی | ٢٩ |
| شەوی باڕێزەکە | ئۆرهان کەماڵ | ٣٩ |
| نینۆڤای ناخم | سوزان سەمانجی | ٥١ |
| باڵندەکانی ئێوارە | ئۆکتای ئاقباڵ | ٥٩ |
| شەوێکی زستان | هید سادق | ٧١ |
| قورینگان | بەشار کەماڵ | ٧٩ |
| خەنجەر | بەشار کەماڵ | ٩٣ |
| دایکە | گوڵ حسین حسین ئوزلی | ١٠١ |
| پۆستاڵ و گوڵس | یوجەل فەیزی ئۆغلۆ | ١٠٩ |

# كۆتر

ئەردال ئۆيز

Erdal öz

ئـەردالْ ئـوێز سـالْی (١٩٣٥) لـە شـاری سـیواس لـە دایـك بـووە، چیرۆكنووسـێكی نـاودار و ناسـراوی توركیایـە، سـالاّنێك لـە ڕۆژنامـەو گۆڤارەكانی توركیا كاری ڕۆژنامەنووسیی كردووە.. زۆربەی چـیرۆكەكانی ژیـان و ئەشـكەنجەدانی زیندانیـە سیاسـیەكانی توركیـا ئاشـكرادەكات بەرهەمەكانی گەلێكیان بۆ زمانانی دیكە وەرگێڕاون، لەبەرهەمەكانی:

ـ ماندووەكان، چیرۆك ١٩٦٠

ـ لە ژوورە تاریكەكاندا، چیرۆك ١٩٦٩

ـ تۆ بریندارى، ڕۆمان ١٩٧٤

هەناسە بڕكێی پێكەوتبوو، گوێی لە دەرگا ئاسنینەكە نزیك كـردەوە، گوێی ڕادا، دەرەوە خامۆشە، لەشی لە ئارەقە نیشتبوو، پارچە كاغـەزێكی لوولكراو لەناو مشتیدایە، كاغـەزەكە نمی گرتووەو خاوبۆتەوە. بە ئەسپایی هەرچی چۆنیێ بوو لە كونە چوارگۆشەكەی دەرگا ئاسنینەكەوە خۆی درێـژ كردەوە و تەماشای دەرەوەی كرد.كـەس دیـار نییـە، هیـچی واشـی بـۆ نابینرێ، كەس دیار نییە، هیچی واشی بۆ نابینرێ، تەنها یەك یـەك دوو پایەی پەیژەیەكی بینی، پایەكان بۆ شوێنێكی نادیار شۆڕبوونەتەوە، لەبەر كونی دەرگاكە لاچوو، كوڵی گرت تا بزانێ لە دەرەوە چی هەیە... دڵی لە مـشتیابوو، تەزوویـەك، لـەم كاتـەدا بـە ئاسـتەم و لەسـەرخۆ كاغـەزە لوولكراوەكەی كردەوە، خەریك بـوو بـەجارێ دەتلیـسایەوە، وەك پارچـە خامێكی نمدار كرایەوە، كاغەزەكە لەو جۆرە كاغەزانە بوو كە لە دەفتەری قوتابییاندایە، پەڕەیەكی خەت شین بە قەڵەمی قورقۆشم و بـەپیتی گـەورە نووسـرابوو، تـەنیا دوو دێـڕی لەسـەر نووسـرابوو، بـە تـرس و لـەرزەوە

خوێندیەوە، بڕوای نەکرد، ئەمە یەکەم دەنگە لە دنیای ڕاستەقینەوە پێی دەگات، کاغەزەکەی لە لێوی نزیك کردەوە، ماچی کرد، ئارەقەی ئەوق بەستووی نێوبرۆی بەر کاغەزەکە کەوت و لە وێشەوە کەوتەسەر لێوی، خەتە شینەکانی تۆختر بوونەوە، جارێکی دیکەی خوێندەوە، بەتاسەوە خوێندیەوە وەك یەکەم جاری بێ بێخوێنێتەوە. تەنیا دوو دێڕ لەسەر پارچە کاغەزەکەبوو، تەنها حەوت وشەیە، پیتەکانی ژمارد، ئەو هەواڵەی کە لە دنیایەکی ترەوە هاتووە تەنیا (٣٨) پیتە... بەدەنگی کە بە گوێی ئاشنابوو سڵەمییەوە، پارچە کاغەزە نیوە تلیساوەکەی توند لە مشت گرتەوە.. کۆترەکانە.

هەمدیس کۆترەکانە.. دوو سێبەری شینباو لە شووشە تەڵخەکەی پەنجەرەی بنمیچەکەوە بینییانی، ئەمە چەنێکە بە عەزرەتەوە چاوەڕوانی ئەمانەیە، یەکێ لە سێبەرەکان باڵەکانی بە یەکدادا و کەمێ بەرزبووەوە، گورج ئەوی تر هاتە جێگاکەی، بەڵام هەر خێرا نێرەکە بەگمەگمی پڕ لە حەزو خۆشەویستیەوە گەڕایەوە تەك مێیەکە، ئەمیش بزەیەك لە چاوەکانیدا تروسکەی کرد.

جارێکیان لەسەر تەختە ڕەقەکە هەڵاژابوو هەر لە نێوان شیشی ئەو پەنجەرەیەی پارچە کاغەزەکەی لێوە فرێدرایە ژوورەوە کۆترێك هاتبووە ژوورەوە. داچەڵەکابوو، شڵەژابوو، لەو کاتانەدا بوو کە خۆر هێشتا لە

زەردەدا بوو، کەمێ بەر لە ئەوسا بارانێکی نەرم شووشەی پەنجەرەکەی کە پیسایی شاری لێ نیشتبوو تـەڵختر کردبـوو، ئـا لـەو بانـەوە لـە نێـوان شیشەکانەوە بە فڕەفڕ هـاتبووە ژوورەوە و خـۆی بـە دیوارەکـەدا دابـوو، کەوتبوو خوارەوە، ئەمجارە خـۆی بـە دیوارەکـەی ئەمبـەرەوەدا، ئـەمیش سەرسام بووبوو.. ئەمە یەکەمجارە گیانلەبەرێکی بێ زیان بێتـە ژوورەوە و ئازاری نەدا.. بۆ ئەوەی نەیشڵەژێنێ بە ئەسپایی خۆی گرمۆڵەکرد، ئەمجار زۆر بە بێدەنگی پێی ڕاکێشاو بەتانییەکەی بە خۆیدادا، نقەی لەخۆ بـڕی، خۆی مت کرد، گوێی هەڵخست.. گوێی لێ بوو باڵـەکانی بـەر دیوارەکـە دەکەوێ، دەکۆشـا خـۆی بـە دیوارەکانـەوە ڕاگـرێ، بـۆی نـەدەکرا، بـە ئومێـدەوە تێهەڵدەچـووەوە لـەم دیـوارەوە بـۆ بەرامبەرەکـەی دەفـڕی، هەمدیس دەکەوتە خوارەوە، هەرچی چۆنێ بوو لە قوژبنێکـدا بـە هـەزار حاڵ بۆ ماوەیەکی کورت خۆی پێ ڕاگیرا، بەچاوە سوورەکانی لـەو بانـەوە تەماشای ئەمی دەکرد، دەنووکە خرپنەکەی لە یەکتا بەرزو نەوی دەکرد، کە باڵەکانی شەکەت بوون بۆ ئەوەی نەکـەوێت لـە حەژمـەتا هـەڵفڕی و ئەمجارەش خۆی بە دیوارەکەی بەرامبەردا دا، وا توند بەر دیوارەکە کەوت خۆی پێ ڕانەگیرا و کەوتە خوارەوە هەڵنەسایەوە هەر لەو شـوێنەدا خـۆی مت کرد، تاکێ باڵی بە کراوەیی مایـەوە، بـە غـەم و کەسـەرەوە چـاوە سوورەکانی داگیرا جارجارەش پەردەیەکی تەنك بەسەر چاوەسـوورەکانیدا

دادەدرا، پەردەکەی سەرچاوی دەهات و لادەچوو، بەڵام ئومێد لـە چـاوی نەدەبڕا، بە ئومێدێکی نوێوە هەمدیس باڵەکانی بە یەکـدادا، سـەرلەنوێ خۆی بە دیوارەکاندا دەدا.

هەرچۆنی بوو خۆی گەیاندە شیشی پەنجەرەکە، لەوێدا هەڵنیشت، ئـەم کەیفی بەمەهات، بەڵام ئـەو خۆشـییە کتـوپڕەی زوو ڕەوییـەوە، غـەم و پەژارەیەك جێگای گرتەوە... ئەوەی بـەبیراهات کـە ڕەنگـە لـە شـەقەی باڵبـداو بـەجێی بهێڵـێ، غـەمی تـەنیایی دایگـرت، وەلێ سـەرلەنوێ ئومێدێك لە ناخیا چەکەرەی کرد، ئومێدەکەی لـە مانـەوەی کۆترەکـەدا بوو.. کۆترەکە ئارام ببووەوە، لەسەر یەکە دەنووکی بەرزدەکردەوە و نەوی دەکرد، هەرچۆنێ بوو پێی لە شتێ گیرکردبوو، وەك ئەوە وابوو دەرکی بـە ئازادی کردبێ و هاکە هەڵفڕی و ڕۆیی، وا ئێستا پشوویەك بە خۆی دەدا، لەپڕ زرمە لە دەرگاکەوە هەڵسا وەردیانەکان وە ژوورکەوتن. لەگەڵ هاتنە ژوورەوەیاندا کۆترەکە دابووی لە شەقەی باڵ، بەڵام لـە پەشـۆکاویدا بـەر شیشە ئاسـنەکان کـەوتبوو، بەمـدیوا کـەوت، وا بـە تونـدی خـۆی بـە دیوارەکەدا دابوو کەوتبووە بەر پێـی گاردیانەکانـەوە. ئـیتر دوو دەسـتی زبری لێ گیرکرابوو، خێرا خێرا کەوتبووە باڵە فڕێ، نەیتوانی بوو خۆی لـە دەستیان قورتار بکات، دەسـتەکان کۆترەکـەیان بـۆ ژوورێکـی نادیـاری تاریك بردبوو، فڕێیاندابووە نێو ژوورەکەو دەرگایان کلۆم دابـوو.. لـەوێ

لەناوی ئەو ژوورەدا لەبن دەرگاکە خۆی مت کردبوو، ئەمیش هەندێ لە پەڕە هەڵوەریوەکانی بینی بوو لەو ناوانەدا بڵاوبووبوونەوە.. هەڵسابوو یەکە یەکە کۆی کردبوونەوە، نەرمە پەڕی مۆر مۆر، پڕ چنگێ لەو پەڕانەی کۆکردبووەوە، وەك شتێکی پیرۆز لە مشتی نابوون.. ئەو ڕۆژەش وەك ئەمڕۆ پەڕەکان لەناو مشتیا تەڕبووبوون، بەیەکەوە لکابوون، لەناو چنگیا پەڕەکان بووبوونە تۆپەڵێ لە پەڕی وردی مۆر، هەر وەك شاردنەوەی ئەم پارچە کاغەزەی شاردبوونەوە، وا ئێستا دەنگی ترپەی پێ دێتە گوێی، گورج خۆی فڕێدایە سەر تەختەی نووستنەکەی، پارچە کاغەزە لوولکراوەکەی مشتی شاردەوە. ترپەی پێیەکە تادێ نزیکتر دەبێتەوە. هەناسەی لە خۆی بڕی، لە پشت جامە تەڵخەکەوە ئێستا کۆترەکە دیار نییە، ئەوانەی دەهاتن دەنگی پێی دووکەس بوون، ترپەکان کەمێ لەولای دەرگاکەوە لەو دیوەوە وەستان، یەکێکیان شتێك بەوی دیکەیان دەڵێ، خڕەی کلیلێ دێ، بەڵام دەرگاکە نەکرایەوە، دەنگەدەنگیان دەبیسترێ، ترپەکان پێکەوە وا دوور دەکەونەوە، هۆشێکی بەبەراهات، خۆی کەمێ گورج کردەوە، لەسەر تەختەکە لەسەرپشت ڕاکشا.. لە شووشە تەڵخەکەوە دیارە وا خۆر خەریکەماڵئاوایی دەکات، زۆر نابا ساردیی ئێوارەیەکی دیکە هەڵدەکات، لە دەرەوەش مرۆکان وەك خۆیان ماونەتەوە.. تۆ بڵێی وەك خۆیان بمێننەوە؟.. ئایا تام و خۆشی خۆر

و ئێواران و کۆڵان و دەریایان لەلا ماوەتـەوە؟ ئـەی تـەنهایی ئـەم ژوورە تەنگە کە ئێواران غەمێکی گرانی لێ دەبێـتە میـوان مـرۆ وەکـو خـۆی دەهێڵێتەوە؟.. مرۆ دەتوانێ ئەم ژوورە ناوی تـابووتی لێ بنـێ، ئەمـەی دوایی بەبیراهات، کەچی وەکو تابووتیش ڕەحەت نییە... ئـەوە چـەنێکە لـەم ژوورە تەنگەدایـە.. چـەند ڕۆژە... بێجگەلـەوەی چـەندین ڕۆژ لـە ژوورێکـی دیکـەدا لەمـەش تاریـك و تـەنگتر کـە هەمیـشە گڵـۆپێکی زەردباوی کز هەڵکراوە لە ژێر ئەشکەنجەیەکی بەردەوام دوای چـەندین ڕۆژ هاتۆتە خۆی و زانیویەتی لە کوێدایە.. ئەو ماوەیە کەس بـە دەنگییـەوە نەهاتووەو لێی نەپرسیوە، ڕۆژێکیان دەرگا کرایەوەو لە بنەوەی ئەو ژوورە بینی بوویان، بەڕێکەوت بینی بوویان، وەك جواڵێکی بەتاڵ لە قوژبنێکدا کـەتبوو، ئـیتر بـۆ ژوورێکـی دیکـەیان پـەلکێش کردبـوو... چـەند گاردیانێکیـان لێ کۆبووبـووەوە و پرسـیاریان لێکردبـوو، ئـەو لـە پرسیارەکانیان تێنەدەگەیشت، بەمشتەکۆڵە تێی بـەردەبوون، بـە پێلەقـە دەچوونە سەر جەستەی تا ئاگای لـە خـۆی نـەدەما.. دواجـار ئەمانـەی هەموو بیردەکەوتەوە، لەناو ئەو حەیتانەش ئەوەیانی چاك لەبیرە کـە زۆر بەسەختی ئازاری دەدا. ئەو پیاوەی تەماشای سەعاتەکەی دەستی دەکردو دەیپرسی، ئەمجارە دەستی لە قژی گیردەکرد:"دەبڵێ.. بـۆ قـسە ناکـەی" ئاوای پێدەگوت:"دەنگمـە کـاتی چـوونە مزگەوتـە..!" ئـاوای دەوت و

دەکەوتە ویـزەی.. کـە بـە ئاگـا دەهاتــەوە خـۆی لـەم ژوورەی ئێـستای دەبینیەوە، هەستی دەکرد جەستەی ئەنجن ئەنجنەو دوو ددانیشی شـکاوە، جلەکانی بە خوێنەوە ڕەق هـەڵاتوون، پـشتی وەك تەختەکـەی ژێـری ڕەق هەڵاتووە، لە دوای ئەوە ڕۆژانێکی بەدەم تاو ئازارەوە بەسـەر دەبـرد.. وا هەمدیس لەو بانەوە لـە جامـە تەڵخەکـەوە سـێبەری مـۆری کۆترەکـان دەبینێ، دەڕوانێتە تێرو مییـەکان چۆن بـەدەوری یەکـدا دەخولێنــەوە.. زۆرجــار بــە درێــژایی ڕۆژ دەکەوتــە ژمــاردنی ئــەو کۆترانــەی لــەوێ هەڵدەنیـشتن، بەتایبـەتی کـاتی بـەیانیان زوو دەمــەو ئێـواران بـە زۆری دەهاتن.

لەسەر تەختەکە خۆی کۆکردەوە، هەستا، هەندێ ئاو لـە قوتوویـەکی پلاستیك لە قوژبنەکەدایە، دەمی تـەڕکرد، شـۆربا ڕوونەکـەی نیـوەڕۆی کەوتە بیر، ئەویشی خوارد، بـە ژوورەکـەدا کەوتـە هـەنگاونان.. بەسـێ هەنگاو ئەمپەڕو ئەو پەڕی ژوورەکـەی دەکـرد، سـێ هـەنگاوی دیکـەی هاویشت، گەڕایەوە، چەند جارێ ئەوەی دووبـارە کـردەوە.. خشەخـشێك بەرگوێی دەکەوێ، تەماشا دەکات: دەزووڵەیەکی باریك پارچە کاغەزێکی پێوەیە، هەڵسا وەك نیشانەی ڕزگاربوونی بەدی کردبێ، کەوتبووە هەناسە بڕکێ، چاوی لێ نەترووکاندبوو، ئێستاش نازانێ ئەم شوێنە چەند نهۆمە، لەم ژوورە کە نهۆمی سەرەوەیە، ئەم دەزووڵەیە لە کوێوە پەیدا بوو؟ چـۆن

گەیشتە ئێرە؟ لەگەڵ خۆیدا چەندی کۆشابوو بۆی ساغ نەبووەوە، سەری لەم بەزمە دەرنەکردبوو، ئەمجا هەڵسابوو خۆی گەیاندبووە دەرگاکە، لە کونی دەرگاکەوە تەماشای دەرەوەی کردبوو گوێی ڕادابوو، کە دڵنیابوو لەوەی کەس نییە، پڕی دابووە پارچە کاغەزەکەی دەزوولەکە، هەر ئەوەندەی بۆ کرابوو کاغەزەکە لە چنگ بگرێ و چووبووە پاڵ دەرگاکە و گوێی هەڵخستبوو، لەپڕ فڕەفڕێکی ناکاو خستیە سەر چۆك و مت بوو، پاش کەمێ کەهاتەوە خۆی و چاوی کردەوە هەستی بە ڕاستی فڕەفڕەکەکرد، ئەوجا هەناسەیەکی قووڵی خۆشی هەڵکێشابوو، تومەز هەمدیس کۆترێکی دیکە ڕێی وێڵ کردووەو هاتۆتە ژوورەوە، وا لەسەریەکە خۆی بەدیوارەکاندا دەدا.. ئەمە دووەم کۆترە دێتە ژوورەوە، بەڵام ئەمجارەیان کۆترێکی شلەژاو و بێ ئومێد دیارە، لەم دیوار بۆ ئەو دیوار خۆی دەکوتێ، دەکەوت، هەر گورج هەڵدەفڕییەوەو سەرلەنوێ بێ ئامان شەڕی خۆ بە دیواردانەکەی دەست پێدەکردەوە.. چەند جارێکیش بەسەر سەریدا تێپەڕی، هەستی بەبای باڵەکانی کرد، ئەمجارە کەوتەسەر تەختەدارەکە، هەر لەو شوێنەش مت بوو، بە ئەسپایی دەستی بردو لە نێو هەردوو لەپی گیریکرد.. لەشی گەرم و دڵی کەوتبووە کوتەکوت.. بە پەشۆکاوییەوە تەماشای دەکرد، چاوەکانی خڕ موورو ئاسا، بەڵام پڕبوون لە ترس.. چەمایەوە دەنووکی ماچ کرد، سەری بەخێرایی لابرد، لەرزی،

پەردەیەکی تەنك بەسەرچاوە سوورەکانیدا دادرا.. کابرا ترسا، "باڵندە جوانەکە دەدەی خێراکە چاوە جوانەکانت بکەرەوە..." پەردەکەی بان چاوی لاچوو، سوور سوور دەیڕوانی"دەترسی... فێری ئێرەکانە نەبووی.. شڵەژاوی من عەیامێکە وا لێرەم سەرباری تەنیاییەکەشم کەچی...".

لەپڕ شتێك بە مێشکیدا گوزەری کرد، بەدوای پارچە کاغەزەکەدا گەڕا (تەماشاکە...) وای گوت، "ئەم پارچە کاغەزەکەدا گەڕا" تەماشاکە.." وای گوت، "ئەم پارچە کاغەزەت بینیوە، ئەمە لە هاوڕێکانمە بۆم هاتووە...".

بەدەستێکی کاغەزەکەی کردەوە:

"بڕوانە هاوڕێکانم چیان نووسیوە.. با بیخوێنمەوە، دەتەوێ؟ وا بۆتی دەخوێنمەوە.. گوێ بگرە.." دەمی برد بە ئەسپایی سەری کۆترەکەی ماچ کرد، لەم کاتەدا دەنگی دەرگاکەی ژنەوت. کاغەزەکەی گرمۆڵەکرد، خستیە دەمیەوە... دەرگاکە کرایەوە، کە هاتنە ژوورەوە واقیان وڕمابوو. مەلەکە سڵەمییەوە، ئەم ترسا هەڵفڕێ، بە خۆیەوەی نووساند، لەشی گەرم داهاتبوو، یەك دووجار باڵەکانی بەیەکادا، باڵەکانی کە دەشەکاتەوە بەر دەستی دەکەوتن. بەڕووی سارد و سڕیان و تەماشای پڕ لەرك وقینەوە لەو دیو دەرگاکەوە وەستان، لە قوژبنەکە خۆی مت کرد، یەکێکیان بلە ڕوویەکی گرژەوە لێی هاتە پێشەوە:"ئەوە لەگەڵ کێدا دەدوێی؟!".

ژووەکەیان بەچاو بێژا.. بزەیەکی بە ڕوویا هات...

"لەگەڵ کۆترەکەدا قسان دەکەی؟!".

کۆترەکە دەکۆشا، پەلوپۆی بوو لە دەستی دەرچێ.

"ئەوەمان بدەرێ".

بە خۆیەوەی نووساند، وەك بیەوێ لەناو گیانی خۆیدا بیشارێتەوە.

"نایدەم" ئاوای وت و تاهێزی تێدابوو قیڕانی:

"نایدەم ئەم کۆترەتان نادەمێ.."

لەپڕ هەستا چووە لای پەنجەرە شێدارەکەوە و بەرەڵڵای کرد... بەر شیشەکان کەوت، بەڵام نەکەوتە خوارەوە، لە تۆی شیشەکانەوە فرتەی کردە دەرەوە و لە چاو ونبوو..

# ئەڕڕڕك ێیاو

سوزان سەمانحی

Suzan Samanchi

(سوزان سەمانجی چیرۆکنووسێکی کوردی کوردستانی تورکیایە بە تورکی دەنووسێ، ساڵی (١٩٦٢) لە ئامەد —دیاربەکر- لە دایك بووەو هەر لەوێ دەژی.. ئەم بەرهەمانەی بەچاپ گەیاندووە:

- هێلین بۆنی گەزۆی لێدێ
- چیا ڕووتەکان بەفری گرت
- لەسێبەری بێدەنگیدا
- لە ڕووباری ترسدا (ڕۆمات)

چیرۆکەکانی بۆ زمانی سویدی، ئەڵمانی، ئیسپانی وەرگێڕدراون، ساڵی (١٩٩٧) خەڵاتی (ئۆرخان کەمال)ی پێدراوە.

ئەم چیرۆکە لە کۆمەڵە چیرۆکی (لە سێبەری بێدەنگیدا) یە

پەیکەر ئاسا لە ژێر دارێکدا ڕاوەستابوو، کە چڵمی شۆڕدەبووەوە بـە قـۆڵی دەیسڕی، بە چاوی سوور هەڵگەڕایەوە لە هات و چۆکەرانیـشی دەڕوانـی.. لـە کوڕەو سیڕەی لە پـڕ وەسـتانی ماشـینەکان دادەچـەڵەکی و دەترسـا، هـەر لـە جێگاکەی خۆی پاڵتۆکەی بەسەر خۆدا داو خۆی تیا شاردەوە..

بەهارە، داروبار خەملێون، مرۆ هەست بـە جـۆرە خاوبوونەوەیـەکی خـۆش دەکات، بە تەنیشتیا ڕابوردین ئـەو پاشـەوپاش یـەك دوو هـەنگاو کـشایەوە، دەستی خستە سەر سەری خۆی و لە ژێر باڵیەوە تەماشای کردین.. دەسـتی بـۆ لێوی ئەستوری کوارك ئاسای برد داوای جگەرەی کـرد، دوو جگـەرەمان پێـدا، دەمی داپچڕی و پێکەنینێکی بێ پەروای بۆ کرد..

ددانـە بزمـار ئاسـا زەردهەڵگـەڕاوەکانی دەرکـەوتن، مـن و سـۆنە دەستمان لە ناو دەستی یەکتر نابوو، بە ئاستەم جارجارە دەستم دەگوشی، لە پەناو پێچەکانیشدا خێرا خێرا ماچـم دەکـرد، ئـەو شـەرمی دەهـاتێ "مەکـە، یـەکێ دەمـانبینێ.." وای دەگـوت و بەملاوبـەولادا ئـاوڕی

دەدایەوە، دواجا بە شڵەژاوییەوە "لە دوومان دێ!". وتم "کێ؟"، دەمی لەبن گوێم نا "ئەو پیاوەی جگەرەمان پێدا..".

هەناسەکەی سۆنە بۆنی قاوەی لێدەهات و دەیورووژاندم... بە ئەسپایی پێم گوت"جا، بابێ چ دەبێ؟..." لە دوو ڕیانێك پەڕیمانەوە ئاورم دایەوە، کابراکەی لەمەڕ خۆمان لەناو پاڵتۆ جەواڵ ئاساییەکەیدا بە قونەقون لە دوامانەوە بوو. لە یەکبینە مژی لە جگەرەکەی دەدا و دوکەڵەکەی بە ڕووی ئاسمانا دەکرد. ئەمجا لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا وەستا، هەردوو باڵی کردەوە، لەو دەمەدا ڕێك لە داهۆڵێکی زەبەللاح دەچوو، بڵمەبڵمی بوو، لەوە دەچوو لەگەڵ ئێمەیدا بێ، بەلاّم لێی تێنەدەگەیشتین.

لە سوچێکدا کابرایەکی نێرگزی دەفرۆشت، کەیفخۆش دیاربوو، هەرچی هەڵووژە و چوالە فرۆشەکان بوو ڕیۆی ئاسا وەك بۆ نێچیرێ خۆیان مەلاّس دابێ وابوون.. باڵندەکان بەسەرسەرمانەوە دەهاتن و دەچوون، شۆڕدەبوونەوە و بە ئاسماندا دەچوون.... لەبەر خۆمەوە بە پچڕپچڕی دەستم بە خوێندنەوەی شیعر کرد، کە دەنگی (لۆلۆ)ی لاوێکمان بیست لە خۆمانەوە وەستاین.. سۆنە وتی"ئەوە کابرایە.." پێکەنیم، بۆ شاردنەوەی ترس و شڵەژاویم بە دەنگێکی بەرز وتم"گوناحە..."، سۆنە دیاربوو دەترسا"ئەوە شێتە شێت".. دەستم خستە سەرشانی وتم"لە کوێ

ماین؟". بە ئاستەم دەستی خستەسەر ئەو دەستەم لەسەر شانیم دانابوو:"شیعرت دەخوێندەوە"، بەڵام من حەزم لە هەڵووژەیە..".

لە هەڵووژە فرۆشێك کیسەیە هەڵووژەمان کڕی، بەدەم مڵچەمڵچی هەڵووژە خواردنەوە قسەشمان دەکرد. سۆنە وتی:

"تامی هەڵووژەی جاران نادات"

"ئەگەر خۆمان لە دارەکەمان بکردباتەوە تامێکی تری دەبوو".

سۆنە وتی:"کە منالْ بووم گەزەندەی دارانم لێ دەورووکان" وای گوت و وەك کچێکی شێتووێت قاقایەکی بۆ کرد و درێژەی پێدا:"دەڵێی ئەسپم دەحیلکێنم، وانییە؟"،

وتم"تۆ لە ئاسك دەچیت..". لەم کاتەدا هەڵووژەکانی لە دەستم وەرگرت:" دەبا بچینە ئەو پارکە".

سۆنە ئاگای لێ نەبوو ئاوڕم دایەوە، کابراکە هەردوو لاقی جووت کردبوو کەنغەر ئاسا بە قونەقون بۆلای ئێمە دەهات، پێکەنینم هاتێ. سۆنە پێی سەیر بوو لەپڕ وا پێدەکەنم:"چ بووە خۆ شێت نەبووی وا لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا پێدەکەنی".

ئەوەندە پێکەنیم فرمێسك بە چاوانما هاتەخوارێ وتم"شتێکم بیرکەوتەوە بۆیە وا پێکەنیم.." چووینە پارکەکەوە، پارکەکە قەرەباڵغە،

لەبن دارەکانـدا دانیـشتوون پـشتیان داوەتـە خۆرەکـە و بەچـپە دەدوان، هەندێکیش بە تووڕەیی و بێزارییەوە تفیان ڕۆ دەکرد...

خۆمان دایە پاڵ دار کاژەکـان، "گیاکـە تـەڕو نمـدارە" سـۆنە لەبـەر خۆیـەوە وای گـوت. منـیش پاڵتۆکـەم ڕاخـست، سـۆنە خـۆزی چـاوی هێنایـەك:"تـۆم.." هـەر وای گـوت و بێـدەنگ بـوو، مـن بـۆیم تـەواو کرد:"..... خۆش دەوێ!".

خۆرەکە ختووکەی پشتمانی دەدا، بێـدەنگ دانیـشتین، بـۆ ماوەیـەك تەماشام کەوتە دووی پەپوولەکان، ئەمجا گواستمەوە سەر حەوزە ئاوەکـەی ئەولامانەوە... خوڕەی فوارەکەی و بریسك و هوڕی بۆ شوێنێکی دیکەیان بردبووم... وام هەست دەکرد گـوێ لـە دەنگێکـی یـەکجار دوورو قـووڵ دەگرم.... شتەکانی دەوروبەر تەمێکی تەنك داپیۆشیبوون، وەك لە پشت تارایەکی تەنکەوەبن، بە ئاستەمێکیش دەبریسکانەوە..

لە دەنگی سۆنە کە بە ئاسـتەم گۆرانیـەکی دەوت ڕاچـەنیم، بەچـاوی نیوە نووقـاوەوە چـاوی تـێ بڕیبـووم، دەیویـست سـەرنجم بـۆ لای خـۆی ڕابکێشێ. بە عەزرەت و غەریبیەوە ڕوانیمە گەنەمووی سەر لێوی، لـە نم و خونـاوی دەوری چـاوانی ڕامـام، کونـە لـووتی پەمـەیی دیـارە، لـە ئەندێـشەیەکی قووڵیـان خـستبووم... بـیرم لــە مــرۆ و سروشــت دەکــردەوە..."مــرۆ چ بوونــەوەرێکی مەزنــە" ئـاوام دەگـوت و بـیرم

دەکـــردەوە... منـــیش لەگـــەڵیا گۆرانیەکـــەم وتـــەوە..."دەتـــۆ لێمـــی تێکمەدە!"، وای گوت و خۆی گورج کردەوە:"تۆ تەماشای ئەویٚ بکە"..

ئاوڕم دایەوە، خۆرەکە کەوتە سەرچاوم چاومی چووزاندەوە.. دەستم بۆ چاوم بە سوپێرکرد هەڵم ڕوانی... لە نێـو دار کاژەکانـەوە جفتـیٚ چـاوی سوور هەڵگەڕاوەی تیٚ بڕیبووین. کاژەکان لەو ئاستە کەمیٚ جولاّنەوە، بە پاڵتۆکەیدا ناسیم: "کابراکەی لای خۆمانە" بـە پێکەنینـەوە وام گـوت.. سۆنە ترسا، پرسی: شێتە؟. کابرا جارجارە کۆکـە دەیگـرت و دەلـەرزی، بەشـەرمەوە کـەمیٚ دوورکەوتـەوە، چـووە پـالٚ دار کاژێکـەوە و سـەری خستەسەر لاسکێکی دارەکە، ڕێك بەرامبەرمان بوو. کاتیٚ پێڵووی چاوی سوورهەڵگەڕاوی تێك دەنا لێك بەدەمیا شۆڕدەبووەوە. دەستی زەبەللاح و ڕەش هەڵگەڕاوی بۆ لێـوی بـرد، هەمـدیس داوای جگـەرەی لیٚ کـردین، ئەمجارەیان پاکەتەکەم پێدا.. دەمـی وەك دەمـی بیرێـك کرایـەوە، ددانـە ژەنگ گرتووەکانی دەرکەوتن، هاتەپێشەوەو لەپڕ بەدەسمەوە نووسا، تونـد توند دەستی گوشیم، بۆ ماوەیەك هەر لەو بارە مایەوە، دەستی بەرنەدام، دەیویست قسە بکات، بۆی نەدەهات، برۆی کەوتنە سەماو جووڵە، کونـە لووتی فشی لەرینـەوە، چـاویان ئاویـان تێـزا، بـە قـوڵی لـووتی سـڕی، "کاکە..." هەر ئەوەندەی گوت... پێڵووی سوور هەڵگەڕاو و پەنماوی لـە سـەریەکە دەپرووکـان، شـڵەژا، لـە شـڵەژانەکەی ترسـام، کـەمیٚ لێـی

دوورکەوتمەوە، شتێکی لە گیرفـانی دەرهێنـا، پـەلکێ قـژی ئـاڵۆزاوبوو، سەری هەڵبڕی و تەماشای ئاسمانی کـرد، کـە سـەری هـەڵبڕی دەمیـشی داپچڕی، لیك بە لالغاوەیدا هاتەخوارەوە.

خۆی بەسەر لاسکی دارەکەدادا، پەلکە قژەکەی بەسنگەوە نووسـاند، ئێمەش شڵەژاین، سۆنە هاتە پاڵ من:"وا دیـارە دەیـەوێ شـتێکمان پـێ بڵێ... سەیرە!".

ئێمە دانیشتین، ئەویش لە پاڵ دارەکەدا دانیشت، پاکەتەکەی لە پێش خـۆدا بەتاڵ کرد، ژماردمن، هەشت جگەرەبوو. ڕووی بەلای خۆرەکەدا وەرچـەرخان و پێکەنی، جگەرەیەکی بەلێوەوە نا، چەخماخێکی لـە گیرفـان دەرهێنـاو هـەوڵی داگیرساندنی بوو، بۆی هەڵنەبوو کە بۆی هەڵنەکرا وتی"ئەڕڕڕك پیاو"، هەرچۆنێ بوو جگەرەکەی داگیرساند، مژێکی قووڵی لێدا، ڕاست ڕووی لە خۆرەکە کـردوو دووکەڵەکەی بەبادادا وتی"ئەڕڕڕك پیاو"، هەرچۆنێ بوو جگەرەکەی داگیرساند، مژێکی قووڵی لێدا، ڕاست ڕووی لـە خۆرەکـە کـردو دووکەڵەکـەی بـەبادادا و وتی"ئەڕڕڕك پیاو" وای وت و قاقا پێکەنی و چووە پـاڵ دارەکـە. لـەوێ پێـی چووت کردو وەستا، ئەمجا لە سەریەکە سەری بەملاو بەولادا ڕادەوەشاند.. سۆنە وتی:""کـە شـتێکی وا دەبیـنم ورە بـەردەدەم.." کـەمێکیش دوورکەوتـەوە. بەرەبەرەش بۆ پشتەوەمان دەچوو. ترساین، سۆنە بۆ کیـسە هەڵووژەکـە گـەڕا، وتم:"وا لە ژێر پاڵتۆ شڕەکە دایە".

وتی:"دەیدەمە ئەڕڕڕك با بیخوات".

بە پێکەنینەوە وتم:"بەکێی دەدەی؟"، پێی بە زەویدا کێشاو وتی:"ئەو ئەو..". کابرا هەمدیس بە پڕتاوچوو چەناکەی خستە سەر لاسکی دارەکە، سۆنە لە دوورەوە وەستا، هەڵووژەکانی بۆ درێژ کرد:"هانێ هەڵووژە بخۆ.." کابراکە تەماشای بەرپێی خۆی دەکرد، خەریك بوو بە پێی ڕاستی خۆڵەکەی بەرپێی کۆدەکردەوە.. "هانێ بۆ تۆ"، سۆنە جارێکی کە وای پێ گوت. ئەو تەماشای کردین، تەماشایەك وەك شتێکی بوێ، هەستام چوومە کنی، دەستم خستە سەر ئەو چڵەدارەی کە بە دەستیەوە بوو. پێکەنینێکی سەیری هاتێ. هەڵووژەکانی لە سۆنە وەرگرت، خستنیە گیرفانیەوەو کیسەکەشی بە دەمەوە نا، ویستی پفی تێ بکات، بۆی نەکراو کیسەکە نەپەنما، تفێکی کردو فڕێیدا. دوو هەڵووژەی لە دەمنا، گۆناکانی ئاوسان، دواجار هەڵووژەکانی لەدەم دەرهێناو فڕێیدان"ئوووە" وای گوت، لەم کاتەدا لە پشتمانەوە بە ڤڕەڤڕ دوو زیلی جەندرمە تێپەڕین. کابراکە خۆی بە زەوییەکەوە نووساند، پاڵتوکەی بەسەر خۆدادا وەك بیەوێ خۆی بشارێتەوە.. دەستی بە هاوار و ئای و تۆف کرد، کەوتە دەست و پێ وەشاندن. هاتەوە خۆی، لە ئارەقە نیشتبوو، بە قۆڵی ڕوومەتی خۆی دەشاردەوە، شانی کەوتە لەرزین، هاوارێکی سەیری بۆ کرد بەڕادەیەك باڵندەکانی سەر دارەکان لە شەقەی

باڵیاندا، ئەمجا بێدەنگ بوو، پەلکەکەی دەرهێنایەوە:"منداڵەکەبووم، ئافرەتەکە بووم مرد" وای گوت و بەوناوەدا کەوتە هاتوچۆکردن.. ئەمجا پەلکەکەی با بە سنگەوەو کەنغەر ئاسا بە قونەقون دوورکەوتەوە دەڕۆیشت و بە دەنگێکی بەرز دەیگوت "ئەڕڕڕك..."

ـ لە کۆمەڵە چیرۆکی (Suskunun Golge Sinde)ەوە ئەستەموولّ چاپی سێیەم ٢٠٠١

# دیدار

سۆزان سەمانجی

یەکشەممەیە، کوڕەکەم تۆپێکی لاستیکی بە دەستەوەیە یاری پێدەکات، منداڵی هاوسێکەمان بەسەر پایسکلێکی منداڵانەوەیە دێت و دەڕوا، دایکی هات و پارچەیەك حەڵوای پێدا، منداڵەکە هەر بەسەر پایسکلەکەیەوە ملچەملّچ دەستی بە خواردنی حەڵواکە کرد، چاوم لێیە کوڕەکەم دەمی ئاو دەکاو چاوی لە دەمی بڕیوە... نایشارمەوە منیش دەمم ئاوی تێزا... کوڕەکەم خۆی پێ ڕانەگیرا لە حەژمەتا هاتە ژوورەوە:"دایە ئەوە تونگوج چ دەخوا؟"، نەمزانی چۆنی وەلاّم بدەمەوە، شتێکی وەك گریان بینی گرتم:"حەڵوا، حەڵوا ڕۆڵە حەڵوا دەخوات، بۆتۆش دەکڕم!.." هەر توانیم وای پێ بڵێم، مات مات دانیشت، تۆپەکەی دانا، چووە لای پەنجەرەکەوە لووتی بە شووشەکەوە نووساند:"باوکم منی خۆشناوێ، خۆ لە ئەڵمانیا پایسکیل زۆرە بۆ بۆم نانێرێتەوە؟". ئاوای گوت و دەستی بە لوشکەلوشك کرد... کوڕم بەخودا... ویستم ژێری کەمەوە، پایسکل و خەڵواکەی لەبیربەرمەوە، بە

ئاستەم گۆرانییەکی خۆشم بۆ وت، وەکو هەموو جاریٚ پیٚنەکەنی، چارەی بەیەکدادا:"برسیمە..." پاشماوەی ساوارەکەی دوێنیٚ ئیٚوارەم بۆ گەرم کردەوە، بە ئیشتیهاوە خواردی، لە خۆشی خۆشی ئەوەی گوایە بەم نزیکانە باوکی لە ئەڵمانیا دەگەڕیٚتەوە خەوی لیٚکەوت، تا توانیم گریام، گریانەکە کەمیٚ تەسەللای پیٚ بەخشیم... هەروا مات و کز لە شووشەی پەنجەرەکەوە چاوم بڕیبووە بۆشایی کۆڵانە چۆڵەکە، لەپڕ زەنگی دەرگاکە ڕایچەنیم، بەپەلەو شپرزەییەوە لە بەردەم ئاوینەکە فرمیٚسکە قەتیسماوەکانم سڕی:"کیٚیە؟!"، لەو دیو دەرگاکەوە دەنگی ئافرتیٚك وەلامیدایەوە:"دەرگاکە ناکەیتەوە؟". بە ئاستەم وای گوت، دەرگاکەم ترازان، سەرم بۆ دەرەوە دریٚژکرد ئافرەتەکە بە نەزاکەتیٚکەوە لیٚم هاتە پیٚشەوە:"تۆ شوکرانی خیٚزانی نەوزادی؟"، بۆ چەند ساتیٚك شڵەژام، دەمم بە یەکداهات:"بەڵیٚ..." هەر ئەوەندەم بۆ وترا، نەمزانی چیدی بڵیٚم... ئافرەتیٚکی کەڵەگەت، قژلوول. تەماشای ئەملاوئەولای کرد، کەس دیارنەبوو: "حەز دەکەم بچینە ژوورەوە..." وای گوت و هاتە ژوورەوە. هەر کە دانیشت نامەیەکی دەرهیٚنا:"ئەمە بخویٚنەوە دواجار قسەیەکی لیٚ دەکەین..."، جەستەم وەك بێ دەلەرزی، نامەکە هی نەوزادە!... ئافرەتەکە زۆر بیٚ باکانە دانیشتبوو، "ئیٚستا شڵەژانەکەت

دەبێتە شانازی کردن..." کە وای گوت دڵم خێراتر دەستی بەلێدان کرد، هەوڵیشم دەدا خۆم وا پیشان نەدەم:"با قاوەیەکت بۆ ئامادەکەم".

ئەو هەستایە سەرپێ:"نەخێر، دەبێ بڕۆم، ئێوارە سەعات هەشت ئامادەبە دێم و دەبتەم..." بیرم بۆ هەزار لا دەڕوا، لە ناو ماڵدا دێم دەچم، هەوڵ دەدەم وانەبم، دەڕۆم هەندێ ئاو بە خۆمدا دەکەم لەلایەکی تریشەوە دڵم خۆشە، موچڕکی خۆشیم پێدا دەگەڕێ.. وەکو جاران قژەکەم شانە کرد، ئارایشێکی تەنك، دەمێك بوو نازانم لەکەیەوە لەبیرم نەماوە، ئاوا بە کامی دڵەوە لەبەر ئاوێنە ڕانەوەستاوم، دەڕوانمە خۆم و بزەم دێ...

ئەو کراسەی کە نەوزاد زۆری حەز لێبوو لەگەڵ بلوزێکی شیندا لەبەرم کردن، کوڕەکەم سەری سوڕماوە، لەم کەینوبەینە سەری دەرناچێ، نازانێ بۆ وا خۆم دەگۆڕم... کوڕەکەم بە بیانووی سەفەرێکی کوتوپڕەوە دەنێرمە لای یەکێ لە دەستە خۆشکەکانم، دەقیقەم لێ بۆتە ساڵ، نارِوا... لە یەکبینە تەماشای کاتژمێر دەکەم... بنجە گوڵەکانم ئاودا، بە میهرو خۆشەویستیەوە دەستم بە گەڵا کەسکەکاندا دەهێنا.. حەزم دەکرد ئەوانیش لەم خۆشییەی من بەشداربن، ئەو ڕۆژە تا ئاسمانیش، ئاسمانەکەی پشوو نەبوو، زەردەی ئەو ئێوارەیە تارایەکی تەنکی دابوو...

لە دەرگادرا، لەو دیو دەرگـاوە دەنگێکـی ناسـك دێ:"ئامـادەی.. بابڕۆین.." دەنگی ئافرەتەکـە بـوو، ئۆتـۆمبیلێکی پێیـە.. یـەك دوو شەقامان بڕی، ئەمجا لە سەیران تەپەوە بەرەو ئورفە بەڕێکەوتین، تـاك و تەراك نەبێ پاسەکان بەرەو ڕوومان دەهاتن ئیتر ڕێگا چۆڵە... بە تیلەی چاو دەمڕوانیە ئافرەتەکـە.. لۆچـی قـووڵ قـووڵی ڕوومـەت و تـەوێڵی نیـشانەی دنیادیـدەیی و ئـەزموونێکی زۆری نیـشان دەدا... چـووینە ماڵێکی پاکوخاوێن، بۆنی چیمەن و گولیلکەم بە گژدا هات، گـەماڵێك لە باخچەکەدا لـە یەکبینـە دەوەڕێ، ئافرەتەکـە پرتـاو بـە پەیژەکـەدا سەرکەوت، لەو کاتەی دەرگاکەی کردەوە تەماشایەکی سەر زەنشتیانەی منی کرد کەوا بە دوودڵییەوە هەنگاو دەنێم، ژوورەوە تـەواو ڕۆشـنایە، ماڵێکی پۆشتەوڕێکە، ڕێڕەوێکـی پانوبـەرین، نـەمزانی ڕوو لـە کـوێ بکەم، ئافرەتەکە دەرگای یەکێ لە ژوورەکانی کـردەوە، شـتێکی وت و گەڕایەوە، خواحافیزی لەمن کـردوو دەرچـوو... خـۆ ئـەوە نـەوزادە... لەبەر دەرگاکە ڕاوەستاوە بزەی دێ. شەرواڵێکی لـە بەردایـە، باریـك و لاواز دیارە، موچڕکێکم پێداهات، نەوزاد بـە هـەمان دەنگـە گڕەکـەی جارانیەوە:"دەڵێی عزرائیلت بینیوە.. وەرە پێشەوە...".

دەریا چۆن دەهەژێ، ئاوا ناخم دەریا ئاسا دەهەژا، باوەشم پێداکرد، دەستم لە ملی ئاڵاند، خـۆم پـێ نـەگیرا لـە پرمـەی گریانـدا، دەسـتە

زەلامەکانی بە پشتمدا دەهێنا، بەگرانێکەوە لەسـەرخۆ پرسـی:"ئـازاد چۆنە.. گەورە بووە؟". وێنەیەکی بچووکیم لە جانتاکەم دەرهێنا، چـوار مشقی دانیشت، بە ڕووی پڕ لە ئازارەوە دەیڕوانیە وێنەکە، بەو حاڵەتە شێوە بزەی هاتێ، پێم سەیربوو.. شەرمم لە نەوزاد دەکرد یـا ترسـێکی نادیار لە ناخمدا سەری هەڵدابوو؟، قژی سەری ڕووتابووەوە، ڕەنگی ڕووی گۆڕابوو، ئەسمەرتر دیاربوو، تەماشاکردنەکەی تیژو جیـددی تـر، لۆچـی توێڵی قوڵتر دیاربوون، چاوی لـە دەورچـاوم بـڕی، تەماشـا قووڵـەکانی لەرزی لێدەهێنام، خۆم لە تەماشاکانی دەشاردەوە، بـە هـەردوو لـەپی ڕوومەتمی گرت، "ناترسی لێرەدا شتێکم بەسەربێ؟"، زۆرم لە خـۆکرد، وتم"نەء، لێت ناترسم"... لە ئامێزی گرتم، بۆنی جارانی لێ نایـەت... بۆنی چیاو دووکەڵی لێدێ نەوزاد، نەمدەزانی چ بڵێم، خۆم بـە ژنێکـی دەستەپاچـەو دەستەوسـان هاتـە پـێش چـاو. کیـسەیەکی دەرهێنـاو جگەرەیەکی پێچایەوە، چووە لای سەماوەرەکەوە:"با چایەکی جوانت بۆ لێبینـێم.." لەسـەرخۆ وایگـوت... وەك بیـەوێ دوو دڵـی ئـەو شـەوە بڕوێنێتەوە بەکەیف خۆشییەوە چاکەی دەمدا، ئـەمجا بـە زمانێـك وەك شیعر بخوێنێتەوە دەستی بە قسان کرد... لە ڕابوردووەوە پێدا هات تـا ئەمڕۆ، هەستم بـە خـەمێکی شـاراوەکرد لـە وتەکانیـدا لـە دواییـدا، وتـی:"چـاوەکانت گەشـانەوەی جـارانی تێـدا نـابینم...!" بـە دوای

وەڵامێکدا دەگەڕام، لە پەشۆکاویدا چاکەی دەستم ڕژا... دەستم بە گریان کرد..."گریان چەکی بێ دەسەڵاتانە..." کەوای گوت خۆم پێ ڕانەگیرا:"منیش مرۆڤم بە قەد پێکەنین مافی گریانیشم هەیە..."، خۆشم نەمزانی بۆ وا دەنگم بەرزکردەوە، کەمێ شڵەژام، قاقا پێکەنی، پێکەنینەکەی متمانەو بڕوا بەخۆکردنی دەردەبڕی، بەو جۆرە وەڵامدانەوەم کەیف خۆش بوو...

چایەکی دیکەی بۆ تێکردم، وەکو پیشەی جارانی دەمی بە گوێمەوەناو ناومی هێنا، بەدەم وشەی ناسك و خۆشەوە لە باوەشیا توامەوە، سەماوەری تاین کەوتبووە گیزەگیز، تەماشاکەم لەسەر پەنجەکەڵەی پێی گیربوو، بێ سڵ کردنەوە وتی:

"تووشی گەنگرین هات بڕیمەوە..".

شەو درەنگە، باسی شاری بۆ دەکەم، چۆن لەسەر کارەکەم دەریان کردم... باسی دەستەڕۆیی و نەدارایی خۆم بۆ کرد،...

سەگەکان دەستیان بە وەڕین کردن ئەم خۆی کۆکردەوە، جلەکانی لەبەرکرد، کەمێ شڵەژا.. قڕوقەپ گوێمان هەڵخست، پراجەکتۆرێ یەك دوو جار بەر پەنجەرەکە کەوت، من دەترسام دەنگی یەکێ دێ بە بێتەل قسە دەکات... "ئەم سەماوەرو چایە هەڵگرە.. کە لە دەرگایاندا من لەو عەمبارە خۆم دەشیرمەوە.." وای گوت و باوەشی پێدا کردم:

"نەترسی ها..." من لەم کاتەدا بیرم لە ئازاد کردەوە، چوومە لای پەردەکەوە، لەو تاریك و ڕوونەی ئەو بەرە بەیانەدا چەند ماشێنێك وەستابوون، جەندرمەکان لەو ناوانەدا بڵاوەیان لێکردبوو...

بەیانی ئاگام بووەوە، بەو بەیانییە گوێم لە گۆرانییەکی (ئارام)ی گۆرانیبێژ بوو.. لیفەیەکی عەنتابی بانانمدا درابوو، نەوزاد پەنجەی خستبووە ناو قژم بە ئاستەم بە قامکە درێژەکانی شانەی دەکرد، بزەیەکی خۆش لەسەر لێوی بوو:"قاوەڵتی ئامادەیە." وای گوت. هەستام، تەماشایەکی کۆڵانەکەم کرد، کەس دیار نەبوو، بە ئاستەم شنە بایەك بۆنی سەرەتای هاوینی دەبەخشانەوە، هەرچی دەردوو ئازارێکم چەشتبوو لەو کاتەدا لە بیرنەمان، بەختەوەربووم... نانمان دەخوارد گرمەگرمی فرۆکە پەیدابوو، نەوزاد شڵەژا:"ڕەنگە ئۆپەراسیونیان هەبێ وا باشترە بڕۆیتەوە...". کە لە ژوورەکە دەرچووم قۆڵی گرتم، هەندێ پارەی لە مشتم نا:"بۆ ئازاد پایسکلێکی لێ بکڕە، پێی بڵێ باوکت لە ئەڵمانیاوە بۆی ناردوویتەوە...". کاتێ وای دەگوت ئارامیش لە گۆرانیەکەیدا دەیگوت"ئای دل ئای دل دلێ من"* چاوم ئاوی تیازا، بە ئەسپایی دەرگاکەی پێوەدا، خێرا باخچەی حەوشەم بڕی، ئاوڕم دایەوە تەماشای تارا تەنکەکەی پەنجەرەکەم کرد، تارماییەکەی ئەو دیوم بینی،

* ئەم ڕستەیە هەر بە کوردی نووسراوە.

خۆم گەیاندە شەقامەکە گشتیەکە... هەموو شتێك خۆشەویستی و ئومێدی پێ دەدام... ئێستا هەمیشە گوێ لە هەواڵەکان دەگرم...

کوڕەکەم لە ناو ژوورەکەدا سواری پایسکیل بووە دێت و دەڕوا...

ئەمڕۆ یەکەم جارە حەڵوای بۆ بکڕم...

**ـ لە کۆمەڵە چیرۆکی (Kirag Daglar Kar Tuttu)ەوە.**

# شەوی بارێزەکە

ئۆرهان کەمال

Orhan Kamal

(ئۆرهان کەمال ١٩١٤ — ١٩٧٠، لە ناوچەی جەیحانی ئەنادۆڵ لە دایك بووە ،ناوی ڕاستەقینەی ((محەمەد ڕەشید ئۆغۆتجو)وە، دۆستێکی نزیکی (نازم حیکمەت) بووە، سێ ساڵ لە زیندانی (بورسە) پێکەوە بوونە، لەسەر شیعرێکی بەندکراوە، کەچی نازم حیکمەت هانیداوە دەست لە شیعر نووسین هەڵگرێت و چیرۆك و ڕۆمان بنووسێ، هەر واشی کرد.. لە پاش خۆی (١٠) کۆمەڵە چیرۆك و(٢٦) ڕۆمانی بەجێهێشت... ساڵی (١٩٥٧) پاداشتی (سەعید فایقی) چیرۆکی پێدراوە.. بەرهەمەکانی زۆری بۆ گەلێ زمان وەرگێڕدراون...).

زۆرجار باهۆز، وەشتی سەخت، بـارێزەو گـەرداو ئەسـتەموولّ چـارس دەکەن، خانووە دارین و شلۆقەکانی لە ژێر زەبری بای توندو بارانی بەخورِ دەکەونە جیرِەجـیرِ و لـەرزین، لـەم کاتانـەدا شـەقامەکانی تـاك و تـەرا تیادەمێنن.. ئەستەموولّ دانەچۆقەی پێدەکەویَ!.

وا لە ئێستاوە شەقامەکانی توێژالّێ تـەنك بـەفری بـە خـۆدا داداوە، سـەرماو سـۆلّەکەی ئـەم سـالّ، زسـتانە سـەختەکەی سـالّی **٩٦٣**مـان بیردەخاتـەوە... پەنجـەرە کوێرەکـانی خـانووە دارینـە داروخاوەکـان بـە شەرمەوە چاویان لە کۆلاّنە تەسکەکە برِیـوە، لـە دەروازەی یـەکێك لـەو کۆلاّنانـەدا دووکـەس وەسـتاون، دانەچـۆقەیان پێکـەوتووە، یـەکێکیان بنێسێکی باریکەلەی زرافە، ئەم ئێوارەیە پالّتۆکەی لە قومار دۆرِاندووە و بە بارمتە لە چاپخانەکەی (کوچـك بـازارِ) داینـاوە. کراسـە تەنکەکـەی بەریشی کاتی خۆی بە پەپازێن بردۆتەوە... رِوودەکاتە هاوەلّـە کورتەبنـە قەلّەوەکەی:

ـ چ خۆشە گرتووخانە!! پار لەم کاتانەدابوو.. بۆ خۆمـان زۆپەیـەکمان دانابوو نێڵەنێڵ ئاگر زمانەی دەدا ئێمەش دەورەمان دابـوو. گەرمایـەکی خۆۆۆش..

کورتە بنەکە قسەکانی دەژ نەوت کەچی خۆی لێ گێل کرد.. ئـەمیش بەختی خۆی تاقیکردبوەوە، نەك هەر لە قومار لە دزێتـیش..."ڕۆژێکـی فێنك و خۆش بـوو، وەشـتە بەهێزەکـەی خـستبوو، جانتـای ئـافرەتێکی رفاند، کەوتنە دووی، ئەم باکی نەبوو، لە دەستیان دەربـازبوو، خـۆی بـە یەکێ لە کۆڵانە تەسکەکاندا کرد، لەپڕ ئۆتۆمبیلێك بـەرەو ڕووی هـات.. کەوت، کەوتنێکی خراپ، کۆشا خـۆی قوتارکـات، بـەڵام گرتیـان، دوای لێدانێکی چاك لە گرتوخانەیەکدا خۆی بینیەوە".

ـ جگەرەت پێیە؟.

ـ نەخێر.

"کە بەندبووم، لەوێ، لەسەر ئاغزە جگەرەیەك بەشەر دەهاتین.. چەند خۆش بوو، ئاغزە جگەرەیـەك دنیـای دەهێنـا.. دیموکراتـەکان دەسـبلاو سەخی بوون، جگەرەکانیان نیوەنەدەکرد فتیان دەکـرد... لـە قاوشـەکەی ئێمەدا عومەر ناوێکی لێ بوو، پێمان دەگوت (عمر ئـابی) دەسـبلاوی وا قەت نەبووە و نابێ..

ـ لەناو خۆتاندا بەشەڕ نەدەهاتن؟

ـ لەگەڵ کێ؟

ـ لەگەڵ ئەو بەسزمانانەی ئەوێ؟

ـ شەڕی چی .. هەرچیم دەست دەکەوت تێرم لێ دەخوارد، ئەوجا بەسەر ئەوانی تردام دابەش دەکرد.

ـپاڵتۆکەتم نادەیتێ تۆزێ خۆمی پێ گەرم بکەمەوە؟

ـ وڕێنە دەکەی..؟

ـ مخابن.. مرۆڤ نیت.. نابینی وا خەریکە لە سەرما دەبورێمەوە؟

باڕێزەکەی یەکجار ساردبوو، یەك دووجار فووی لەناو لەپێ خۆی کرد، خێرا خێرا دەستی هەڵدەگلۆفت، خۆی پێ ڕانەدەگیرا، لەرز هەراسانی کردبوو.. بەرامبەریان گلۆپێکی کز بە دارتەلێکی دارینەوە بارانەکە تەڵخی کردبوو.

ـ ئەی ئەگەر کابرا نەهات و بێرەدا تێنەپەڕی؟!

ـ دێت..

ـ تۆ مسۆگەری کە لە ماڵ هاتۆتە دەرێ؟

ـ چاوم هەیە..

ـ بۆ قەرەباڵغیەکەی مزگەوت تائێستا داغان نەبووە؟

ـ دەبێ..

بەچاوی خۆی نەیدیبایە چۆتە مزگەوتەکەوە بەم باران و سەرمایە چاوەڕێی نە دەکرد.. هاکا زانیت بە کۆکەکەك و بەڵغەم فڕیدان پەیدابوو..

قەڵەوە کورتە بنەکە ئەمەی دەزانی... دەیزانی هەموو شەوێك ئالێرەوە تێدەپەڕێ.. هەر خوا خۆی دەزانێ پاڵتۆکەی لە کامین کۆگای (بائیۆغلۆ) کڕیوە.. ئەو قوماشە لازوردییەی لای کام بەرگدروو دووریوە؟.. دەمێك بوو دەیناسی، زۆرجار لەدەمی باوکی بیستوویەتی "جەڕەیەك لیرەی زەردی هەیە"..

هاوڕێی یەکتربوون.. کە باوکی دەبینی دەیگوت: مەرحەبا تەحسین ئەفەندی.. باوکیشی ئاوا وەڵامی دەدایەوە: سەرچاو گەورەم مەولام، دەستی بۆ بە سنگەوە دەگرت و کەمێك دەنوشتایەوە.. مەرجەکەی ئەوی بە منەتێکی گەورە دەزانی.. کە دەهاتەوە ماڵێ، تەنەکەیەکیان لە جیاتی زۆپە دانابوو، داریان تێدەئاخی، ئیتر ئەو ناوە هەموو شتێك بۆنی داری نیوە سووتاوی لێوەدەهات بەفیزێکەوە دەیگوت:"ئافرەت، ئەم مەلا ئەورەحمانە پیاوێکی نایابە، هەموو جارێ چاك و چۆنیم لەگەڵدا دەکات، لەم ڕۆژگارەدا کوا هاوسێی وا ماوە، هەناسەیەکی هەڵدەکێشا.."

ـ ئاخ خۆزی دەگەڕاینەوە تەمەنی دەساڵی.

بنێسە زرافەکەی هاوڕێی لە خەم و داڵغەی دۆڕاندنی پاڵتۆکەیدا بوو، کەچی ئەم بیرەوەری بەندبوونی ساڵی ٩٦٣ خۆی بۆ دەگێڕێتەوە.. چۆن

قوماری کردووە و جگەرەکەی دەستی لە زۆپەکە دادەگیرساند.. قسەکانی سەرو دڵی گرتبوو.

ـ چی؟

ـ هیچ .. دەڵێم خۆزگە دەگەڕامەوە ئەو ساڵانە..

ـ باشە وا گەڕایتەوە چی دەقەومێ؟!.

ـ پیرە زۆپە نێڵەنێڵ دەسووتا، باوکم خواردنی بۆ دەهێنایین دایکم چێشتی لێ دەنا..

ـ تۆ واز لەمە بێنە.. ئاە، ئێستا گەر لە گرتووخانە دەبووم..

ـ بۆ؟.

ـ قومار لە گرتوخانە خێروخوایە، هەر ئەوەندە کەمێ بەختت جولا پارەیەکی باشت بۆ کۆ دەبێتەوە.. ئەمجا قاپێ شلەی فاسولیا لەگەڵ سەمونێك و هەندێ بیبەری تیژ — لە ناخەوە هەستی بە گەرمی بیبەرەکە کرد-.

هەستی بە جۆرە گەرماییەك کرد، کەمێ بووژایەوە، چاوی بە بزەبز کەوت قاپە فاسولیاکەی هێنایە بەر چاوی خۆی لەتێ سەموونی گەرم گەرم.. کورتە بنە قەڵەوەکەشی خستە بیرکردنەوە: ساڵانێ لەمەوبەر، لەسەر مێزی نانخواردن گۆشت و پەنیر و زەیتوونی دەخوارد.. بەهاوڕێکەی گوت: تۆ واز لە فاسولیا بێنە.

ـ خواردووته؟

ـ ئەی تۆ چێشتی دەستی دایکمت خوادووە؟

ـ گویٚ بگرە... دەوەڵڵاهـی لـە دنیـادا لـە فاسـولیا خۆشـتر نییـە.. کۆکەکۆك و ترپەی پیٚ قـسەکانی پـیٚ بـڕین، یـەکێك لـە سـەرەخۆ، بـە متمانەیەکی زۆرەوە بەرەو ئەملادێت.. چونە پاڵ یەکترەوە، هەناسەیان لە خۆ بڕی، گوێیان بە کۆڵانەکەدا دەکرد، موچـڕکی سـەرکەوتن و خۆشـیان پێدادەهات، گەیشتە ئاستیان، دەورەیاندا، دڵێنـا نـەبوون کێیـە.. ئـا.. ئەمە (بردۆشە..).

ـ ئەمە چییە؟ ئەوە چ دەکەن؟ ڕێگاش لە من دەبڕن؟!.

قەڵەوەکە زوو هاتە گفت:

ـ بە هەڵەدا چـووین.. وای زانـی، بەمـە دەبڕێتـەوە، بـەڵام ئـەم بـە دەنگێکی بەرز ڕووی لە بنێسەکە کرد:

ـ تەماشاکە، وابـزانم هەمـدیس لـە قومـار دۆڕاوی و پاڵتۆکـەت بـە بارمتە داناوە؟

لێی چووە پێشترەوە:

ـ چاوەڕێی کیٚ دەکەن؟ دەترسم چـاوەڕێی ئـەو پیـاوە بکـەن کـە لـە مزگەوت...

هیچیان پێنەما داپنێدان نەبیٚ...

ـ چاوەڕێی ئەو دەکەن وانییە؟

ـ کێ؟.

ـ خۆت گێل مەکە.. چاك دەزانی مەبەستم کێیە؟

ـ تۆ واز لەمە بێنە، پێم بڵێ ئەم پاڵتۆیەت لە کوێ بوو؟

ـ لە (تەختە قەڵا) من و بەحرلی و یارلاق کابرایەکی دەوڵەمەندمان ڕوونکردەوە، ئەوان پارەکەیان برد ئەم پانترۆنەو پاڵتۆکەشیاندا بە من، پێڵاوەکەشی تۆ تەماشای پاژنەکەی بکە بە ئەسکەربی دنیای ناگۆڕمەوە.. ئا، پێم بڵێن چاوەڕێی ئەو دەکەن؟ وانییە؟.

ـ نەخێر گیانە چاوەڕێی کەس ناکەین.

ـ لە من ون نابێ..

باڕێزەکە توندتری کرد، سەرماکەی دەست و پل دەڕچێنێ.. گڤەی باکەو ترپەی دڵۆپەکان کە بەتوند لە کولیتەکانیان دەدا هەرایەکیان نابوەوە.. پاکەتەکەی دەرهێنا، جگەرەیەکی داگیرساند، بەلاقرتێوە:"سبەینێ ئەگەر لەم ناوەدا کارەساتێك ڕوویدابێ، غەزەتەکان هەواڵی کوشتنی یەکێکیان بلاوکردبێتەوە ئەوا... "

ـ مەبەستت چیە گوایە چ ڕوودەدا؟.

بنێسە زراڤەکە بەدەم دانەچۆقەوە ئاوای پێگوت...

ـ پۆلیس.. ڕەنگە لە منیش بپرسن، دانی پێدادەنێن.

قەڵەوەکە جمێنێکیداو تفێکی ڕۆکرد:

ـ ئەزانی تۆ پیاو نیت..

ـ بۆ؟

ـ تۆ هاوڕێی؟

ـ ئێوە هاوڕێن، ئێوە چاڵێ پیسایین..

ـ باشە دەبا هەرسێکمان کارەکە ئەنجام بدەین؟.

بنێسەر چیوەکە دەستی درێژ کرد:

ـ ئا جگەرەیەکم بدەرێ.

جگەرەیەکی پێداو پاکەتەکەشی دایە کورتەبنەکە..

ـ بگرە ماکەر با سنگت دەست بە ئاهەنگی دووکەڵ کێشان بکات، من وەك ئێوە نیم.. من پیاوم، ئێوە بوایەن پێتان بەسەرما دەناو گوزەرتان دەکرد، بەیانیش بەدەم پێکەنینەوە باسی منتان دەکرد، من کاری وا ناکەم، ئەزانی بۆ؟ هەموو کەسێ دۆست و دوژمنی هەیە، ڕوانییە قەڵەوەکە.. لە بیرتە؟.. بیرتە یان نە... کە لە چاپخانەکەی عوسمان سەری ساڵ بوو...

یەکسەر شەوی سەری ساڵی (٩٦٣)ی بیرکەوتەوە، ئەوەی وا ئێستا پاکەتەکەی خۆی دایی پێڵاو چاکەتەکەی دۆڕاندبوو، داوای جگەرەیەکی لە قەڵەوەکە کرد ئەو شەوە کەچی نەیدا..

کورتەبنەکە بە شەرمێکەوە:

ـ تۆ واز لەوە بێنە...

ــ وازی لێبێنم؟ چونکی نامەردییەکانت بیردەخاتەوە.. وانییە؟. بەڕاستی ئێوە گوناحن..

تەماشایەکی بنێسە زراڤەکەی کرد، لەسەرما هەڵدەلەرزی ها ئێستا ها نەختێکی کە دەبورێتەوە، باکەی لەوەدانەبوو، بارانەکەی بە هەموو لایەکدا دەپرژاند.. لە پڕ پاڵتۆکەی داکەند و دای بە شانی بێسەکەدا و وتی:-

ـ خواتان لەگەڵ.. ئەم دنیایە تاکو سەر بۆ کەس نامێنیٚ، ئەوەی خۆی بە پیاو بزانێت چاکەی کەس گوم ناکات، ئومێدەوارم دەسکەوتی باشتان هەبیٚ... لە پۆلیس مەترسن.. سەرم دانێم نهێنی نادرکێنم، چەند هەنگاویٚ ڕۆیشت و ئاوڕی دایەوە:

ـ بەیانی پاڵتۆکەم لە چاپخانەکە بۆ دانیٚ...

بارێزەکە هەر وەك خۆی بوو

ـ با ڕاکەین...

ـ بۆ؟

ـ بۆیە.

ـ وازبێنە.

ـ من دەڕۆم..

بە هەنگاوی گەورە گەورە، پاڵتۆکەی لە خۆ پێچابوو لەچـاو ونبــوو.. قەڵەوەکە هێشتا وەستابوو لە دواوە تەماشای دەکرد.

لە (Turk Hikaye Antolojisi)یەوە.

# نینۆڤای ناخم*

## سوزان سەمانجی

* نینۆڤا: ناوی شوێنێکە نوغرۆبووە، ئەسەری نەماوە، لێرەدا بۆ نوغرۆبوون و وێرانی جوگرافیای ناخی خۆی بەکاری هێناوە....—و—.

بـوغ و گـەرمای هـاوین بـەرەو نـەمان دەچـوون کـاتێ هەواڵەکـەم پێگەیشت:"یاساکان گۆڕانکاریان تێدا کراوە.. دەتوانی بگەڕێیتـەوە..". بـه تەلـەفون ئـاوای پێگـوتم، دوای دابڕانێکـی درێـژ لـه فرۆکەخانەیەکمانبینی.. گرژ و ئـاڵۆز دیـاربوو، سەرسـوڕمانم لـه ڕوویـا دەخوێندەوە. زانی من هەستم بـه پەشـێویی کـردووە شـوێن گـومکێ و قـسەی بـەر قـسە دەدا.. نـانی بـەیانیمان لـە بالکۆنەکـەدا خـوارد کـە دەیڕوانییـە باخـچە بـچووکەکەی حەوشـە. لـەو ماوەیـەدا، هـەر وەکـو ئێستابێ، ڕۆژانی قوتابخانەمان یاد کردەوە، بە تاسووقی ئەو ڕۆژانەوە لـە پڕێکدا:"بۆ نەچین بۆ شارەکەی لای ئێـوە...". کـاتێ وای گـوت سـەری هەڵنەبڕی تەماشام بکات.. (بۆ بچین؟"

چەند ساتێك بێدەنگیەکی سەیر دایگرتین، لە دواییدا لە ژێـر لێـوەوە، بە دەنگێك هـەر لـە چـپە دەچـوو.. ".. دەزانم" وای گـوت، هـەردووك بێدەنگ بووین، کـەمانێك لـە ڕادیۆکـەی تەنیـشتمانەوە بێدەنگیەکـەی

شەمزان، تەماشاکانمان بۆ چرکەیەك یەکانگیربوون و پێکەوە بزەمان هاتیێ و بەخۆ هاتینەوە. بیێ ئەوەی بە خۆم بزانم دەستم برد یەخەی کراسەکەیم ڕێکخستەوە:"هێشتا شەرمنیەکەی جارانت لە کۆڵنەبۆتەوە.."، وای گوت و دەستی ماچکردم. وەك کیژۆڵەیەکی تازەهەڵچوو پێکەنینێکم بۆ کرد، بە گوێیدا چرپاندم: "بابڕۆین..".

هەردوو ماندووین، لە ژێر داربادەمی قەراغ ئاوەکە دانیشتین، گەشتکەران لەولامانەوە بەرەو ئەولا دەڕۆیشتن و بەو ناوەدا بڵاودەبووبوونەوە، بەسەر سەرمانەوە پۆل پۆل باڵندە دەهاتن و دەچوون، بۆن و بەرامەی دەوروبەر و ڕووبارەکە لەو دەمەوە ئێوارەیەدا خەمێکی نادیاری لە ناخمدا ورووژاند، سەرم نایەسەر سنگی.. پەڵە پەڵە لەکەی سووری تیشکی دەمەو ئێوارەکەو کولیتەو خانووە خواروخێچەکانی ئەو ناوە کە هەر لە قەفەس دەچن و مرۆکانی تێدا بەندن و ڕێڕەوە بەردینەکەی باخچەکەو وەڕینی گەماڵەکانی ئەو دەوروبەرە، ئامانی مسین، هەراو زەمانی چواردەورمان هەموو ئەمانە هەریەکەو بەجۆریێ ڕۆژانی سەردەمێکی زووی لام زیندوو دەکردەوە، لەگەڵ خۆمدا بێدەنگ دەدوام..."... بڵێ بۆ وا بێدەنگی بڵێ..." خۆشەویستەکەم وای پیێ وتم، منیش هەر ئەوەندەم گوت:"ئەو ماڵانە.. ماڵەکان نابینی وەك دایکێکی کۆست کەوتوو دەکریت نابینی..." ئاوام پێگوت:"لە بیرتە، ئالەو

کۆڵانانــەدا چــۆن ڕامانــدەکرد.. لــە ژێــر دار چــنارەکاندا لــە دێــوەرەو چەرچیەکان مووروومن دەکڕی، دواجار کە چووینە قوتابخانەش هەر لــە ژێــر ئەو دارچنارانەدا پشوومان دەدا.. جارێکیان لاقم برینــداربوو خوێنەکــەیم بە گەڵای ئەو دارانە سڕی... یەکەم عەشقیشم لای ئەو دارانــە درکانــد.. شەوانمان درێژ هەر نە دەبڕایەوە، شەوانی بێکۆتایی و پڕ نهێنی.. مەتەڵێ بوو هەڵمان نەدەهێنا، قاقای پێکەنینی خۆمــان دەشــاردەوە چــونکە کــچ بووین نەدەبوو ئاوا پێکەنین، بــۆنی گــازو دووکــەڵ لــە ماڵەکانــەوە بــەرز دەبوونەوە... لەسەربان بە پەرۆشەوە گوێمان بۆ حیکایەت و بەســەرهاتی قاچاغچیان ڕادەدا.. لە ئەستێرە کشاوەکان و دەنگــی پــەپوو دەترســاین، گوێمان بۆ فسکەفسکی ناو ئــەو کەپرانــە هەڵدەخــست کــە لــە توولــەبی دروست کرابوون، ئاگری جگەرەی دەستیان لەو تاریکیــەدا دەگەشــایەوەو دەکوژایەوە، شەوان بادەم و هەنجیرمان لــەبن داران کــۆدەکردەوە، لــە پــڕ دەروێــشە کوێرەکــە وەك تارمــایی پەیــدادەبوو، لــە پێــشدا دەنگــی عارەبانەکەیمان دەبیست، ئەمجا سەڵەوات و دوعاو نزای، منداڵان خۆیانیان بە دایکیانەوە دەنووساند.. هاواری نیوەچــڵ و دوور دوورمــان ئەژنــەوت، شەمشەمەکوێرە بەسەر ســەرمانەوە دەفــڕین، هەنــدێ جــار بــە باڵــەفڕێ دەوەستان لەو کاتانەدا گوێمان لە دەنگی پەپوو دەبــوو. لــە ژێــر لێفــەوە هەناسەمان لە خۆ دەبڕی و هەزار نەفرەتمان لە (نەمرود) دەکرد، خەو لــە

چاومان دەزڕا.. پیاوەکان بەدەم جگەرە هەڵبەستنەوە هەناسەیان هەڵدەکێشا، هەناسەی سارد، کە کاتی گەڕانەوەی قاچاغچییەکان لەو دیو سنوورەوە بهاتبایە دەرویشە نابیناکە دەستی بە سەڵەوات دەکرد و نەیدەبڕییەوە.. کاتێ کە خرمەی پێی وڵاخی بەرزەمان دەبیست دەچووینە سەربان، لەبەر مانگەشەوەکە قاچاغچییەکان وەك قەتاری قورینگان دیاربوون، سەرپۆشی تۆپەقوماشی سیمدار دەبریسکانەوە، ئێمەش کەیفمان دەهات. هەندێ جار دەبووە ڕۆژی حەشر، دەقەوما، تەقە دەستی پێدەکرد گوللە وەك برێشکە دەتەقی ئەسپی خوێناوی، ئەو ئەسپانەی خوێن بەلاقیاندا دەهاتە خوارێ، بە بارەکانیانەوە لە ناو دێ دەشاردراتەوە... بۆ بەیانییەکەی لە شوێن خەرمانەکان ئەوانەمان دەدیت کە بە گوللە سنگیان کون کردبوون، گریانیشمان لێقەدەغەکرابوو.. لە دوای کۆکردنەوەی بادەم ساوار کوتان دەستی پێدەکرد، ئێستا ئەو دەڤەرە کەوتۆتە ژێر ئاوەوە*، ... دەنگی دەهۆڵ دەبیسترا، شەوی پەردە، بووك و زاوا پەیمانیان دەبەست، نۆبەرەیان کچ بوایە ناوی دەنێت (بەلقیس) کوڕ بوایە (برایم..).. دایکم (برایمێکی) قەت نەبوو، باوکم ژنی بەسەردا هێنا، ئیتر ئەویش لە مەزراکەی باوکم خۆی ئەوەندە ماندوو نەدەکرد دڵی

* بە پرۆژەیەکی ئاودێری ئەنقەست و دروستکردنی بەربەستێك ژمارەیەکی زۆر لە دێهاتە کوردنشینەکانی کوردستانی باکوور چۆڵکران و کەوتنە ژێر ئاوی بەربەستەکەوە –و–

بەماڵەکە خۆش نەبوو.. هەوێکەی دایکم هەر تۆزێ لە من گەورەتربوو، جارجارە پێکەوە بەدزییەوە لە پەنایەکدا هەردووك یاری ماڵماڵێنمان دەکرد.. دایکم لە بەردەم ئاوێنەیەکدا ڕادەوەستاو دەگریا، شەوان درەنگانێ بە پێ دزی دەچووە بەر دەرگای ژوورەکەی باوکم کوڵی دەگرت، دواجار قاری دڵی خۆی بەمن دەڕشت،.. کە بۆ خوێندن چوومە ماڵی خاڵۆم بۆ خوێندن کە لە ئۆرفە بوو هەناسەیەکمدا ڕزگارم بوو، لە پشووی هاوین وەك میوانێکی ئازیز دەگەڕامەوە،.. ئێستاش خشەخشی فستقم لە گوێدایە کاتێ لەبەر خۆر وشك دەکرایەوە.. لەبەرچاومە دایکم لە پێش دەرگاکە دانیشتووە خەریکی پاککردنەوەی فانووسە.. باپیرەم لە قەراغ حەوزی مزگەوتەکە دانیشتووە پێدەکەنێ... ئێستاش پێکەنینەکەیم لەبەرچاوە و لەناو حەوزەکە چۆن تارماییەکەی دەلەرییەوە... کاتێکیش ترس دەورەیداین لەوکاتادا دەمزانی چ دەکەم بوومە هاوارێك بۆ دێکەمان لەوێ چاوم بەوانەکەوت کە لاف و کەزافی درۆزنانەیان لێدەدا.. کە لە شەقامە تەڕەکانی تاراوگەدا دەمدین بە بێزەوە تەماشایان دەکردم و تێدەپەڕین، دەیانگوت "لێمان دووركەوە.. ئێمە چیمان داوە لە خاك و نیشتمان...".

واخۆر ئاوابووە، وتم:"خەریکە لەرز دەمگرێ لە ئامێزم بگرە تا گەرم ببمەوە..". باوەشی لێدام، هەناسەمان تێکەڵی یەکبوون، کە هەستاین

کزە بایەکی فێنك هەڵیکردبوو، لە دوورەوە یەك دوو ناسیاو دەستیان بـۆ بــەرز کردینــەوە، تەماشــایەکی ئاسمــانم کــرد، دوو ئەســتێرەی گەشــم بینی:"ئەوە لەیلاو مـەجنوونن.."، هـەردووك دەسـتمان لـە مـل یـەکتر کردبوو، دەوروبـەر ئومێـدو هێزێکـی لـە ناخمـدا دەچـاند...:"ئەمـەش دەنووسـم.."... هەناسـەی لـەبن گوێمـدا ختۆکـەی دەدام:"نینۆڤـا ڕوو خۆشەکەم ڕابوردوو لە بیرمەکە..".

# باڵندەکانی ئێوارە

ئۆکتای ئاقباڵ

oktay akbal

(ساڵی **١٩٢٣** لە ئەستەموول لە دایکبووە، پلەکانی خوێندن و بەشی یاسایی هەر لە ئەستەموول تەواو کردووە، ماوەیەك لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی تورکیا کاری کردووە... بێجگە لە ڕۆمان و کورتە چیرۆك چەندین شانۆنامەی نووسیوە، لە بواری وەرگێڕانیشدا چەند شاکارێکی لە ئەدەبی جیهانیەوە بۆ تورکی وەرگێڕاوە، لەوانە"تاعونەکەی ئەلبیر کامۆ وچەندین شانۆگەرییەکی سارتەر.." ژمارەیەکی زۆر ڕۆمان و کۆ چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە لەوانە: "کۆڵانی غەرییان" و "تاوانی ئێمە ئەوەیە کە مرۆڤین" ساڵی ١٩٥٧ خەڵاتی (سەعید فایق)ی بۆ چیرۆك پێدراوە)

ئەو باڵندانە نازانم ناویان چییەو هەوڵیشم نەداوە تا ناوەکانیان بزانم... من باڵندەی ئێوارەیان پێدەڵێم.. ئەو مەلانە ئێوارە لەگەڵ خۆیاندا دێنن.. وا ئێوارەیەکی (بایئۆغلووە)* تازە لە سینەما هاتوومەتە دەرێ کەچی فلیمەکەم هەر لە بیریش نەماوە!، هیچ هەر هیچم لەبیرنەماوە، نە لە پێش فیلمەکەو نەدوای فیلمەکەش.. هەمووشتێك لەلام تێکەڵاوبووە، تەواو هەر هیچم لەبیرنەماوە... هەر ئەوەندە دەزانی بە جریوەجریو پەیدابوون، دەبێتە هەرایەك بەزمێك فرکان فرکانێك ئەوسەری دیار نابێ، کەسیش نازانێ ئەم بەزمە پەیدابوو و چۆن وایلێهات و لە کوێوە پەیدابوون و بۆ سەردەنێنەوە.. سەربانەکان، سەرسەری نهۆمە بەرزەکان، پەنجەرەکان، تەلی تەلەفۆنەکان، بەسەر ڕیکلامە ڕەنگامەکانەوە لە باڵندە سیخناخە، پاڵەپەستۆیانە بەسەر یەکدا کەوتوون و دەجریوێنن.. پێم سەیر

* لە (turk hikaya antolojisi)وە

ـ بایئۆغلو: شوێنێکە لە ئەستەموول..

دیَ، سـەرم سـوڕماوە چـۆن وا کـەس ئـەم بەزمـە نـابینێ و ئـاوڕی لێناداتەوە!!.. دێن و دەڕۆن، هەڵدەفڕن و دەنیشتەوە لە دنیای خۆیاندان.. ئەوە چۆن سەدان مەل و مەلۆچکە بەسەر سەریانەوە هەڵـدەقولێن و گـوێ بە هاوار و فیغانیان نادەن؟... ئێمە ژیانمان بۆ خۆمـان نییـە، کەسـانێك هەن چاوەڕێی ئێمەیانە، ئێمە تەنها خۆمان نیمان، (من)ێـك و دوو سـێی دیکە هەن.. بە سەعات ئەم بیرکردنەوەیە پەلەکێشم دەکات، کەسـەکانی ناخم کۆتایی بە چەنوچوونیان نەدەهات.. کە لە سینەما یا لە یـەکێ لـە گازینۆکانەوە دەگەڕامەوە ئەنجا تا دوای نیوەشەوێکی درەنگ کارم دەکرد ژیـانێکی تەنگـەتاو دەژیـام... گـەڕان بـە دوای هـۆی گواسـتنەوەدا، ڕاکەڕاکـەی ژیـان، ڕۆژنامـەکڕینی بـەیانیان، گـوێ لـە ڕادیـۆگرتن، لـە ئاژانسەکان چ باسە؟ سورەیا منداڵی دەبیَ؟، سەرۆك کۆمار چۆن وەرامـی داوەتەوە...

تاوانەکان... لەم خەیاڵانەدابووم لەپڕ بینییانم...

باڵندەکانم دیت، لەبەر زیکەو جریوەیان ڕێگا نەبوو!!

لە ژێر داڵدەی دوکانێکدا وەستام، ماوەیەك هەر تەماشام کردن، سـێ پێنج دە دەقیقە هەر وەستام و دەمڕوانی.. چەند زۆرن!. لەکوێوە هاتن بۆ کوێ دەڕۆن؟؟! بۆ لە بۆلێڵی ئەم سـەر لـە ئێوارەیـەدا پەشـۆکاون و ئـەم ترسەیان لیَ نیشتووە؟!

هەر باڵندەیەك لەبەر چاوم بوون بە مرۆیـەك، لـەو كۆمەڵـە مرۆیانـە دەچوون كە نازانن چی دەكەن و بۆ كـوێ سـەری خۆیانیـان هـەڵگرتووە.. وەك لە شەرێك هەڵهاتبێتن پەرشوبڵاو ڕژاونەتە ئەو ناوانـە، یـان ئاگرێـك هەڵایساوەو لە جێگاو ڕێگای خۆیان پەڕەوازەبوون.. ڕەنگـە بوومەلـەرزە وڵاتەكەیانی هەژاندبێ و خـاپووركردبێ.. دانەیـەكیان بەسـەر پەنجـەرەی كۆگایەكەوە هەڵنشتبوو، بەتاقی تەنیا لەوێدا كروشـكەی كردبـوو، مـات مات دەیڕوانییە ئەو هەراو بەزمـە، ئـەو تـاك و تەریكـە لـەوانی دیكـە نەدەچوو، جیـاوازبوو، ڕەنگـە ئـەم باڵندەیـە شـاعیربێ!!.. خـۆزی پیـاو دەیزانی گوێی لەچی گرتووە؟! چی تێدەگات؟، بـۆ وا لـە تـوخمی باڵنـدە دووركەوتۆتەوە؟ تۆ بڵێی لە باڵندەبوونی خۆی ڕازی نەبێ و پەشیمانە؟!.. لەپڕ بووە شەققەی باڵەفڕێ، درەنگ و زوو بـەجارێ هـەڵفڕین، وەك پەڵـە هەورێكی ڕەش بەسەر شەقامەكەدا بڵاوبوونـەوە، باڵنـدە تەنیاكـەش لـە دوای هەموویانەوە هەمدیس بە تەنیا، بە نابە دڵی، نائومێـد، باڵـەكانی كردەوە و لە شەققەی باڵیدا...

- - -

چیم پێ دەگوت؟ چۆنم بانگ دەكرد؟ داپیرە، نەنە... نەخێر، نازانم چیم پێدەگوت... دەزانم وشەی دایەی تێدا نەبوو، خۆشی بـە درێـژی تەمـەنی گوێی لە وشەی دایە نەبوو!، تا كوڕەكەشی بە دایە بانگی نـەكردووە،...

باوکم بە دایکی خۆی دەگوت خوشکێ... ئێواران بــە تــەنیا لــە نهــۆمی خوارەوە دادەنیشت، باخچەیەکی بچووك بە تەنیــشت ژوورەکەیــەوە بــوو، دۆشەکەڵەیەکی ئەســتوری ڕادەخــست دۆلابێــك بــە دیوارەکــەوە چەســپ کرابوو، ژوورەکە سۆپای تێدا نییە، مەنقەڵەیەك بۆ ئەو زۆربوو، دووکەڵی جگەرە ژوورەکەی قان دەدا، جەزوەیەك لــەناو مەنقەڵەکەدایــە، مــەراقی قاوەو جگەرەبوو، چاوەڕێی دەکرد کوڕەکەی بــێ و پێــی بڵــێ:"خوشــکێ چــۆنی؟"، لەســـەر دۆشـــەکەڵەکەی دادەنیـــشت جگـــەرەی دەکێـــشاو پشیلەکەشی لە باوەش دەگرت، هەندێ جار بــۆ هــاودەنگی هاوســێیەکی بۆلای دەهات، ڕابــوردووی خۆیانیــان بــۆ یــەکتر دەگێڕایــەوەو لــە دەوری مەقاڵەکە هەڵدەرشت... دایکم لە نهۆمی ســەرەوە خــەریکی ئیــشوکاری خۆی دەبوو زۆرکەم دەهاتە خوارەوە، باوکم هەر لە بەیانی زووەوە لە مــاڵ دەردەچوو هەندێ جار نیوەشەوێکی درەنگ دەگەڕایــەوە... ڕۆژانــی بــەفر بارینم دەکەونە یاد.. هەمیشە بیروەرییەکانم لەگەڵ داپیرەمدا بــەفربارینی تێدایە... باڵندەکان بەسەر لقە بەفرگرتووەکانەوە دەنیشتنەوە، باڵەفڕێیان بەفری سەر لقەدارەکانیان دەتەکان، ئێمەش لە پەنجەرەکانەوە تەماشــامان دەکردن، بێ ئەوەی ورتەمان لەدەم بێتەدەر دەمــانڕوانی.. ئێوارەیــەو لــە پەرژینەکانـــەوە تـــاریکی وا ئـــاودیوبووە، وامـــدەزانی تـــاریکی لـــە ئەشکەوتەکانی سەردەمی بیزنتیەکانەوە دەردەچێ و دێ، لــەو کاتانەشــدا

باڵندەکان لە باخچەی حەوشەدا دەنیشتنەوە، پۆل پۆل بەسەر دار قەیسییەکەوە دەنیشتنەوەو هەڵدەفڕین، بەسەدان دەنیشتنەوەو هەڵدەسانەوە، هەندێکیان بۆ بەر پەنجەرەکە دەهاتن، تەماشایان دەکردین ئێمەش چاومان لێ نەدەگواستنەوە، لەناو پۆلەکاندا، یەکێکیانم چاك دەناسی، باڵێکی لە باڵەکەی دیکەی کەمێ گەورەتر دیاربوو، وات دەزانێ هیچ هەڵنافڕێ، بە قونەقون دەهات و دەڕۆیشت، غەمگین غەمگین تەماشای تین و گەرمایی ژوورەکەی ئێمەی دەکرد، من وام هەست دەکرد دەیویست بێتە ژوورەوە، لە تەماشاکەیدا کەدەرو حەسرەتێك هەبوو حەسرەتی نەهاتنەدی خەونێکی ئەم ژیانە.. لێ بگەڕێین ئەویش بۆ خۆی دێ لە نزیك مەنقەڵەکەوە شوێنێك بۆ خۆی دەگرێ، ئەوەی سەیربوو زۆرجار بە تەنیشت پشیلەکەوە بەتەنیا دەنیشتەوە، لەو کاتانەدا کە مەلێکی لێ نزیك بکەوتبایەتەوە یەکسەر هەڵدەفڕی.. هەرچی باڵندەکانی دیکەبوو نە ژوورەکەمان نە مەقەڵەکەمان نە ئاسوودەیی و کامەرانیمانیان نەدەدی، ئەو پارچە نانەمان ورد دەکرد گورج پڕیان پێدەبردو دەیانڕفاندن و دووردەکەوتنەوە... ئەوجا لەپڕ قاوەکە هەڵدەچوو، بەر لە داپیرەم دەگەیشتمە جەزوەکە، دەستکی جەزوەکە بە دەستما دەچزا، دواجار لە ئامێزی دەگرتم و لەبان ڕانی دایدەنیشاندم، ئەو دەمە گەورە بووبووم، خۆم حازرکردبوو ساڵی داهاتوو بۆ قوتابخانە بچم، زۆربەی

کات هەر لای ئەو بووم و مەگەر هـەر خـوا خـۆی بزانـێ باسـی چـیمان دەکرد.. بە تەختەدار خانۆچکەم دروست دەکـرد، بـە قەڵـەمی ڕەنگامـە وێنـەم دەکێـشا، ئـەمجا تەماشـامان دەکـرد، کـە سـەرمان هەڵـدەبڕی و دەمانڕوانی باڵندەکانی ئێوارە هەڵفڕیون. ئەو مەلانە بۆ کوێ چوون؟!.

ئەو کاتە وام دەزانی کە ئێوارە دادێ هەموو کەسـێ بـۆ مـاڵی خـۆی دەگەڕێتەوە.. ئەوانەی لەشارن بۆ ماڵەکانی خۆیان دەچن خەڵکی ئاواییش بۆ ئاوایی خۆیان.. ئەی ئەوەی ماڵی نـەبێ؟.. تـا باڵنـدەکانیش ماڵیـان هەبوو.. هێلانەیان لە کونە دیوار چی کردبوو، لە سەربانەکان، لـە تـوێی کاریتەکان، پێنج و پەنای مەنارەکان...

---

پەنجەرەیەك ڕووی لە ماڵمانە.. لەپێشدا تـەنها مـەلێك دەنیـشتەوە، ڕەنگە پنتکە نانێك بۆ ئێرەی هێنابێ... بەڵام بۆ تەنیا هەر ئەم دەهات و ئەوانی دیکە نەدەهاتن؟.. ئێوارانی بەهاران پەنجەرەکـەم لەسەرپـشت واڵا دەکردەوە، دەچوومە سەر قەرەوێڵەکەم و ڕادەکشام، کتێبێکم بە دەستەوە دەگرت، نقەم لە خـۆ دەبـڕی، جارنـەجاری بـە تیلـەی چـاو دەمڕوانـی.. دەهـات، کـەمێك لەبـەر پەنجەرەکـە هەڵدەنیـشت، دواجـار سـەرێکی دەکێشایە ژوورەوە، دیققەتی هەموو شتێکی دەدا، لـە دەرەوە باڵنـدەکانی تر جریوەیان ئەو ناوەیان پڕکردبوو، وا تەماشای دەکردم دەمگوت ئێـستا

دێت و بەسەرهاتی خۆیم بۆ دەگێڕێتـەوە.. دەمگـوت هـەر ئێـستا دێتـە گفت!!. گفت و لفتێك هیچ نەمێنێ باسی نەکات!!...

هەندێ ئێـواران بـۆ نەهێـشتنی تەنیاییەکـەم، کـچێکی هـاوڕێم کـە حـەزمان لەیـەك کردبـوو دەهاتـە ژوورەکـەم.. بـە تەنیـشت یەکـەوە ڕادەکشاین، پەنجەرەکانمان پێوە دەدا، پەردەکانماندا دەدایەوە، دەکەوتینـە دونیایـەکی تـرەوە... لـە دڵـی خۆمـەوە دەمگـوت ئێـستا باڵنـدەکان هاتوونەتـە بـەر پەنجەرەکـە ئـەبێ چـی بکـەن کـە دەبیـنن پـەردەکان دادراونەتەوە، ئەوان لە هەڵسوکەوتی مرۆکان ناگەن، نازانن.. سەریان لـە جووتبوون و خۆشەویستی ئێمە دەرناچـێ، ئـەوان لەبەرچـاوان ئـەو کـارە دەکەن، دیوتە چۆن یەکتر ماچ دەکەن؟...

باڵندەکان ئەو پەنجەرەیان قەت لەبیر نەدەچـوو... لـەپڕ دەهـاتن بـەو بانەوە دەسـووڕانەوە، چـەرخەیەکی قوتابخانەکـەیان دەکـرد، هەمدیـسان دەهاتنە بەر پەنجەرەکە، هەمـدیس بـە زریـوە زریـو دەیـانکردە هـەرا.. هەرایەك وەك جارێکی کە لە سووتانێکی تر ڕزگاریان بووبێ، لـە دەسـت دوژمن هەڵهاتبێتن...

.... تازە تیشکی ژوورەکان هەڵکراون، بیرم بۆ لای ئەوان دەچوو، بـۆ لای باڵندەکان. بە باڵندەبوون کارێکی چاك نییە؟ ئەگەر مرۆ سەرپشکبێ بە ئارەزووی خۆی بوونی خۆی هەڵبژێرێ، ئەوا مـن دەبـووم بـە باڵنـدە..

باڵندەی سەر لە ئێواران.. ئەو مەلی ئێوارانە زیاتر ئازاد دەبـوون ئەگـەر پابەنـدی پـۆل نەبوایـەن.. یـەکێ لـەو باڵندانـە کـە دەمـان ناسـییەوە هەمووجارێ بۆ تەماشاکردنی کـچەجوانەکانی قوتابخانەکـە دەهـات، لـە ئاست پەنجەرەکەوە دەچووە سەربانەکە کە دەیڕوانییە قوتابخانەکە، ئەو بێ ئارامییەی لەسەربانەوە بـۆ پەنجەرەکـە دواجـا بـۆ سـەربانەکە بێـزاری و دڵتەنگی دەردەبـڕی.. ئێـوارەش وەك شـەپۆلی زەریـا هاژەیـان دەکـردو دەچوونە ئاسمانا دانەیەکی چییە لەو ناوانەدا نەدەمایەوە.

---

باڵندەکان نەبوایەن ئێوارانیش نەدەهات، ئەوان ئێوارەکانیان دەهێنـا، ئەو باڵندە بێ ناوانە دەیانهێنان، کەچی نەکەس دەزانی لە کوێوە دەهـاتن نە بۆ کوێ دەڕۆن...! لە پەنجەرەکەمەوە تەماشا دەکەم تا چـاو بڕدەکـات بە هەموو لایەکدا بڵاوەیان لێکردووە، تۆ بڵێی لەم کاتەدا ئەم باڵندانە لە هەموو شوێنێکدابن؟. لێرە.. لە شوێنێکی دی.. لە سـەردەمی منـداڵی، هەرزەکاری؟ یان من لە کوێ بم ئەم باڵندانەش لەوێ حازرن؟...

ئێوارە و شەوانی من ئەمانە دەیهێنن؟.. بۆیە لە کوێ بم ئەوانیش پۆل پۆل ڕووی لێدەکەن و دێنە ئەو شوێنەی منی لێم.. کـەمێ پـێش ئێـستا باخـچەکە چـۆڵوهۆڵ بـوو، وا ئێـستا جـارێکی کـە واهـاتوون کەسـیش نایابینێ، تەنها من هەست بە باڵندەکانی ئێوارە دەکەم.. ئەوەتان لە ژێـر

گوڵەکانـــدان، لەسەرچـــیمەنەکەدان، لـــە باڵکۆنـــەکانن، بـــەلقوپۆپی دارەکانەوەن، لەسەربان، لەسەر تیلی تەلەفۆنەکان، لە باخچەکە، بەسـەر دووکەڵکێشەکەوەن، بەبـەر پەنجـەرەی منداڵیمـەوەن، هـاتوون، بـەفرەکان بتـەکێنن.. سـەرەڕای ئەمـەش دەبنـە شـایەتی خۆشەویـستیم لـە شـارەدوورەکاندا، لەگـەڵ گەمییەکانـدا، لەگـەڵ فڕۆکەکانـدا، لەگـەڵ خەونەکانمدا لە پێشبڕکێدان...

ئەو باڵندانە نەمرن.. هەر کاتێ تەنیا بووم، بێزار و وەرس بـووم پـێم دەزانن لە چاو تروکانێکدا لە ئاسمان پەیدا دەبن، بەجریوە ئەو ناوانـە پـڕ دەکـەن، دەبنـە هـاوڕێی خـەمم، ترسـم دەڕەوێننـەوە، دەبنـە هـاوڕێ و هاودەمم، لە ڕابوردووەوە دێن و هەمدیس دەگەڕێنەوە.. یەکێکیان دێت، دێتەبەر پەنجەرەکەم، بە تەماشایەکی پڕ کە دەرەوە دەڕوانێتە ژیـانی بـێ تام و بۆم، لەپڕ لە شەقەی باڵ دەدا دەڕوا بۆ ئەو شوێنەی لێـوەی هـاتبوو کەس نازانێ چی بوو، بۆ هاتن و بۆ لە کوێوە هات و چی دەویست، کەس لەو باڵندە بێ ناوانە سەر دەرناکات.. ئەو باڵندانـەی ئێوارەکـان دێـنن.. ئەو باڵندانە هەم دۆست و هەم دوژمنن.

# شەوێکی زستان

جاهید سادق

(ساڵی ١٩١٠ لە دیاربەکر لە دایـك بـووە، دواجـار لـە ئەسـتەمووڵ نیشتەجێ بووە.. چەندین کۆمەڵە شیعرو چیرۆکی چاپکراوە.. یەکێکە لـە چیرۆکنووسە دیار و ناسراوەکانی تورکیا.. گـەلێ بەرهـەمی ئـەدەبی لـە زمانی فرەنسییەوە بۆ تورکی وەرگێڕاوە..)

شەوە، لە دەرەوە بەفر دایداوە، لە ژوورە سۆپەیەك نێڵەنێڵ دەسووتیٚ، ڕادیۆیەکی بچووکی ماوەیەکە ئاوازێکی غەمگین پەخش دەکاتەوە.. پوورم لە ژوورە پۆشتەکەی خۆیدا کە بۆ ئەم زستانە بەڕاخەری نایاب ڕازاندوییەتەوە پاڵی بە سەرینێکەوە داوە.. لەم ماڵەشدا شەش کەسین، تەنها من نێرینەم لە ناویاندا. پوورم بێوەژنە، چلی تێپەڕاندووە، لە نزیك سۆپاکەوەیە، لەبەر خۆیە ورتەورتێتی، هەندیٚ جار لە خۆڕاو بەبیٚ هۆ بە دەستە چرچەکانی سەرینەکەی پشتی ڕێکدەخاتەوە، وا پێشان دەدا گوێی بۆ ڕادیۆکە ڕاداوە، بەڵام بە جووڵەی لێو و چاوی و گێربوونی تەماشاکەی لە شوێنێکی نادیار وا دەردەکەویٚ ڕۆژانی پڕ لە خۆشی و بەختەوەری سەردەمی ڕەحمەتی یاد دەکاتەوە..

(فەریدە)ی کچە قەیرەی دراوسێشمان لەسەر تەختەیەك دانیشتووە دروومان دەکات، ڕووی مەیلەو زەردی کە لە گەڵایەکی دوا ڕۆژگاری بەهار دەچوو بەسەر پارچە قوماشێکدا داداوە، پرچە خاو و ڕەشەکەی

ببووە چوارچێوەی گەڵا زەردەکە، هەر بەو بارەشدا گوێی بۆ ڕاددیۆکە ڕادەدا، بەڵام تەتەڵەکردنی دەست و پەنجەی، لەرزینی جاروباری شانی، ئازارێکی کەڵەکەبوو و پەنگخواردووی دەستی باوکێکی سەرخۆش و دایکێکی بۆڵەبۆڵکەری بە فرمێسك دەردەبڕی.

کارەکەرەش کە هێشتا بە خۆیەوە بوو، بەڵام چاوە شینە گەورەکانی غەمیان لێ دەباری، بۆرە خزمایەتییەکی لەگەڵ پوورما هەیە، هەر بۆیە وەك خانم و خاوەن ماڵ ڕەفتاری دەکرد، بێ جوولە لەسەر کورسییەك دانیشتبوو، جگەرە لە دوای جگەرەی لە پەنگری مەقاڵەکە دادەگیرساندو هەمیشە سەری بۆ ڕادیۆکە دەلەقاندەوە و بە ماشەیەك پوولووەکانی بە بێهوودە جێ گۆڕکیی پێ دەکردن، ڕێکی دەخستن و تێکی دەدانەوە، بەمە خەمی بیست ساڵەی بێوەژن کۆشی خۆی بەبا دەدا، لە سەریەکە هەناسەی قووڵی هەڵدەکێشا، بەمە تەسەللای ڕۆحی خۆی دەدا... دوو کچە خزمەتچییەکەی دیکەشیان، یەکێکیان خۆی لەبەر پێی خانمدا کروشکە کردبوو، خەریکی قاوەلێنان بوو، ئەوی دی، لە پشت سۆپاکەوە کشومات ڕاوەستاوە چاوەڕێی داخوازییە لەبننەهاتووەکانی پوورمێتی، هەروەك تاژییەك چاوەڕێی هێمایەکی پوورمە.. دیاربوو، بەئاشکرا دیاربوو، هەردووك بیروهۆشیان لای ڕادیۆکەیە، تەماشاکانی هەردووکیشیان خەم و ڕقی دەروونیانی ئاشکرا دەکرد، منیش بە هۆی هامشۆی بەردەوامی

پوورم ئاگام لە کەین و بەین و خەم و ئازارەکانی ئەم مرۆڤانە بوو بوو. کە لای پوورم دەمامەوە منیش چوون ئەوان کپ و بێدەنگ دادەنیشم.. پەردەی پەنجەرەکەم کەمێ لادا، ڕوانیمە تاریکاییەکەی دەرەوە، بەفر تێی کردبوو، جگەرەیەکم داگیرساند، منیش هەر وەك دەردەکەی ئەوانم گرتبێ لەگەڵ دووکەڵەکەدا بیرو خەیاڵم پەرش و بڵاوبووەوە.. منیش وام نیشان دەدا وەك ئەوان گوێ لە ڕادیۆکە دەگرم، هەندێ جاریش لەگەڵ (فەریدە)دا چاوبرکێم دادەمەزراند.. بە کورتی هەریەکەو بۆ خۆی دنیایەکی پێکەوە نابوو لە دنیای خۆیدا بوو، ئاگای لە دەوروبەر نەبوو، هەموو هەر بە جەستە لە ژوورەکەدا بووین، لە دەرەوە بەفر دەباریێ، سۆپاکەش لە ژوورەوە نێڵەنێڵ دەسووتێ، ڕادیۆکەش لەسەریەکە ئاوازی پەخش دەکردەوە، لە پڕ لە دەرگا درا، هەمووومان وەك لە خەوێکی قووڵ بە ئاگابێین وابووین، پوورم ئەم جارەش سەرینەکەی ڕێکخستەوە، فەریدە سەری بەسەر پارچە قوماشەکەی سەرڕانی دانواندبوو سەری هەڵبڕی.. تەماشاکانمان ڕووبەڕووبوونەوە، هەردووك بزەمان هاتێ، خانم ماشەکەی دەستی داناو جگەرەکەی کوژاندەوە.. ئەوەش کە خەریکی قاوەکەبوو فنجانەکانی پڕکردوو ئاوڕی دایەوە، ئەوەی پشت سۆپاکەش هێشتا هەر چاوی بڕیبووە دەمی پوورم.. بە هێمایەکی پوورم چوو دەرگاکە بکاتەوە، منیش کەمێ بۆی جووڵام و دەستێکم بە ملپێچەکەمدا هێنا، هەمووومان

که تا ئەو دەمە بە ڕواڵەت گوێمان لە ڕادیۆکە گرتبوو بیرمان بۆ دەرگاکە چوو.. بەم درەنگ وەختە دەبێ کێ بێ لە دەرگا دەدات؟!!.

پوورم بە دەنگێك ماندووبوونی پێوە دیاربوو:

ـ ڕەنگە (شەوکەت)بێ، لە وانەیە کرێی خانووەکەی (سوڵتان ئەحمەد)* ی هێنابێ..

ـ لەوانەیە (سەلاح) بێ..

فەریدە سەری هەڵبڕی:

ـ دەشێ باوکم بێ لە دووی من هاتبێ...

کچە خزمەتکارەکە بە دەنگێکی لەرزۆك و نزم:

ـ باوکت دەزانێ تۆ شەوان لێرە دەمێنیتەوە؟... هەر بە دوایدا ڕووی دەمی لە خانم کرد:

ـ سەلاح بەم شەوە تۆفە بۆ ئێرە نایەت.. خوا بە خۆی دەزانێ ئێستا لە کام مەیخانەدایە.. ڕووی لە پووریشم کرد و درێژەی پێدا:

ـ ڕەنگە پۆستەبێ.. ئێوە چاوەڕێی بروسکەیەکتان دەکرد..

منیش گوتم:

ـ لەوانەیە برادەرێکی من بێ زانیویەتی لێرەم...

---

* لە (turk hikaye antolojisi)یەوە

ـ سوڵتان ئەحمەد- گەڕەکێکی دیاری ئەستەمووڵە

ئەوەی چووبوو دەرگاکە بکاتەوە گەڕایەوە، وەك هەمووومان چاوەڕێی مژدەیەك بین ئاوا بە تاسەوە چاوەڕێی بووین.. کە گەڕایەوە لە سەرەخۆ وتی:

ـ کەس نەبووو...!

لەوانەیە یەکێکی لاسارو بزێو بەبەر دەرگادا تێپەڕیبێ و هەر لە ختوخۆڕایی لە دەرگای دابێ... ڕەنگە تەڕو تووشی و بەفرو بارانەکە وای کردبێ زەنگەکە لە خۆیەوە لێبدا.. ڕەنگە بێ دەرەتانێك منداڵێکی رچیوی لە ئامێزبێ و ڕق و تووڕەیی خۆی بەرامبەر دەوڵەمەندو سەرماو تۆفەکە بەوە دەربڕیێ.. ڕەنگە.. ڕەنگە..

زۆری نەخایاند هەمدیس کچە چووە پاڵ سۆپاکەوە، هەمان کپی و بێدەنگی بەر لە لێدانی دەرگاکە باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشا.. پوورم پاڵی بە سەرینەکەی دایەوە. فەریدە بەسەر دروومانەکەیدا سەری نەوی کردەوە، خانم جگەرەیەکی دیکەی داگیرساند.. کچەکە فنجانەکانی کۆکردەوە و منیش جارێکی کە چاوم بڕییە دووکەڵی جگەرەکەم... من وای بۆ دەچم ئێستا هەموومان دەست دەکەین بە تەواوکردنی بیرکردنەوەکانمان، هەمووشمان وای پیشان دەدەین گوێ بۆ ڕادیۆکە ڕادەدەین.. لە دەرەوە بەفرەکە هەر دەبارێ کش ومات دەبارێ، سۆپەکەش لە ژوورەوە نێڵەنێڵ دەسووتێ...

# قورینگان

یەشار کەمال

دنیا لەسەرخۆ، هێدی هێدی ڕووناك دەبووەوە، تەمێکی خاو لە زەوییەوە بە کاوەخۆ بەرز دەبووەوە.. گوڵبەهار ئەو دەمەی گەیشتە نێو کێڵگەکە هێشتا شەوی مابوو دنیا بە تەواوی هێشتا ڕووناك نەبووەوە، جارێك گیای لە بنجەپەمووەکان بۆ لە یەك جیانەدەکرایەوە.. زۆر نابا ڕۆژ هەڵدێ، ئاسۆ ڕەنگی ئەرخەوان دەگرێتەخۆ، وا داخ دەبێ ناتوانێ پێی لەسەر دانێی، ئەوکات گەرماکە هەناسە سواردەکات، دنیا دەبێتە فڕنێکی هەڵایساو، سەرەڕای ئەمەش بە پەرۆشەوە چاوەڕیی هەڵهاتنی ڕۆژبوو.. کەمێ نوشتایەوەو قورسایی و هێز و توانای لە مەچەکی کۆکردەوە کەوتە تەور وەشاندن... بەدەم تەور وەشاندنەوە بیری دەکردەوە.. ئا لەم کاتەدا چەپکە تیشك پەڵە هەورەکانی سەر چیای (گاورداغی) ئاڵ هەڵگەڕاند.. لەو ڕۆژەوە (مەحموود) ڕۆیشتووە تاکو ئەمڕۆ نۆساڵی ڕەبەقە.

مەحموود تا بڵێی پیاوێکی دامەزراو و لەبارە، کەڵەگەت، لێو ئەستوور، دووچاوی ڕەش، بە گەواهی هەموو دانیشتوانی دێ: ئەم گوندە پیاوێکی

جوامێرێ وای بە خۆیەوە نەدیوە، یوسفی زلێخایەکە بۆ خۆی.. سـەروەت و سامانی دنیای مەحموود لە کێڵگەیەکی پێنج دۆنمی بەولاوە هیچی دیکـەی شك نەدەبرد، کە بە هیچ جۆرێ مایـەی گـوزەرانی نـەبوو... هـەر لـە دوو مانگی گواستنەوەی گوڵبەهار بوو بە دوای ناندا سەری غەریبی هەڵگرت و ئامانەتی پارچە زەوییە چکۆلانەکەی بە گوڵبەهار سپارد:

ـ ئاگاداری کێڵگەکە بە تا دێمەوە..

هەر ئەو ڕۆیشتنەی بوو، وا نۆ ساڵە، نۆساڵ نەڕەنگی هەیە نە دەنگ!.

گوڵبەهار بە درێژایی ئەم نۆ ساڵە، ڕۆژێ بێزاری دەرنەبڕی، ختوورەیەکی ناوێڵی بەدڵدا گوزەری نەکرد. هەموو ئان و سەعاتێکی ئەو نۆ سـاڵەش لـە چاوەڕوانی نەکەوت... قەتاری قورینگان پۆل پۆل تێدەپـەڕن، پـۆل پـۆل لـە شێوەی داسـێکی گـەورە بـە ئاسمانـەوە بـەژێر گەواڵـە هـەورە ئاڵەکانـەوە تێدەپەڕن، بەرز بەرز دەفـڕین، بـیری گوڵبـەهاریش خـەیاڵی گوڵبـەهارینی لەگەڵیاندا بەرز دەفڕی...

گوڵبەهار هەر خۆی گوڵبەهارە، گەلێ لاوی لێهاتووی دێکەی خۆیـان و دێکەی ئەولاشیان کاتی خۆی خوازبێنیان کردبوو. ئـەم لـەناو هەموویانـدا (مەحموود)ی بەدڵ بوو. هەر بۆ ئەویش بوو.. ئێستاش هەر شـۆخەکەی نـۆ ساڵ پێش ئێستایە.. مەمکە توندەکانی، ناو قەدی باریکی، قژی تا کەمەر هاتووی پڕلە ئارەزووی ،لێوە ئاڵ وپڕەکانی ،چاوی مەستی پڕ لە عیـشوەو

نازی ئێستاش دڵان حەیران دەکەن... کەچی نۆ ساڵە دەستی پیـاوێکی بـەر دەسـتی نەکـەوتووە. هەنـدێ جـار کـە چـاوی بـەلاوانی دێ دەکـەوێت ختۆکەیەکی خۆش بەدڵیا گوزەر دەکات، بەڵام گـورج بـەخۆیا دێتـەوە، لـە ختۆکەکـە زیـاتر زیـادەڕۆیی نـەدەکرد، بەوەشـەوە نـە دەوەسـتا دەکەوتـە سەرزەنشت کردنی خۆی، بـە نەنگییـەکی گـەورەی دەزانـی بەرامبـەر بـە (مەحموود) دەیکات.. زۆریش هەبوون کە (گوڵبەهاری) دەدیت، ئاهێکی پڕ لە حەزی هەڵدەکێشا.

لە دوای مەحموود کارێکی نەکردەنیان بە گوڵبـەهار کـرد... شـەوێکی درەنگ دەرگاکەی کردبووەو چووبووە سەر جێگاکەی گوڵبەهار، ویـستبووی بە زۆرەملێ توخنی بکەوێ. گوڵبەهار بە غیرەت و گورجیی پیاویکەوە لێی ڕاپەڕیبوو ئەوەی پێ کردبوو نەبێتەوە.. لەو شـەوەوە، شـەوانی لێ دەبـووە دۆزەخ، هەندێ شەوانیش تـا بـەیانی خـەو لـە چـاوی نەدەکـەوت.. وەکـو ئافرەتێکی تامەزرووش شەوان لەشی دەبووە پارچـەیە ئـارەزوو، بـۆ بـۆنی پیاوێك وەختەبوو گڕی تێبەربێ، بەڵام ئابڕووی لەلا هـەموو شـتێك بـوو.. زۆربەی شەوانیشی بە چاوی خـەیاڵ مـەحموودی دەدی دەهـات و بەسـەری دەکردەوە...

لە ناو دێدا گەلێ بەندو باڵۆرەیان بۆ مەحموود هەڵبەستبوو کە ئەو ماوە درێژەش نەهاتبووەوە ئەوەندەی تر خۆی و ترشیان پێـوە دەکـرد گوایـە: لـە

یەکێ لە شارە گەورەکاندا بۆتە زاوای کابرایەکی خانەدان و دەستڕۆ، دەڵـێن مەحموود لەوە نەماوە ئێستا جووتێ ئۆتۆمبیـل و کۆشـکێکی دوو نهـۆمی هەیـە.. دەیـانگوت: خـودان کارگەیـەکی دەسـتڕۆ تـەنها کـچێکی دەبـێ ماوەیەك شۆفێریان بووەو هێنان و بردنی کچەی پێ دەسپێرن، کـچە حـەزی لێدەکات، زۆر نابات کابرای وجاخ کوێر دەمرێ مـەحموودیش خێـری دنیـا ڕووی لێدەکات و دەبێتە میراتگری کابراکە..

لە گوند ئەو قاوەبلاوبووەوە گوایە (دورمش)ی دانیشتووی گونـد گوایـە ڕۆژێکیان لـە شـارێکدا مـەحموود دەبینـێ، خێـرا پێـشی ئۆتۆمبیلەکـەی لێدەگرێ، دورمش دەیگێڕایەوە لەناو ئۆتۆمبیلێکی ڕەشی گەورەدا پاڵی لێ دابووەوە هەر لە قایمەقام دەچوو...

ـ چیت دەوێ بۆ ڕێگات لێ گرتووم کابرا ؟!.

مەحموود بە فیزێکەوە وای پێ وتبوو.

دورمش دەمی بەیەکدا هاتبوو، هەرچی چۆنێ ببوو وتبووی:

ـ ئای نامناسیتەوە!! تۆ مەحموودەکەی لای خۆمان نیت؟!.

مــەحموود زاق زاق تەماشــای کردبــوو، بــێ ئــەوەی متــەق بکــا بــە شۆفێرەکەی وتبوو:"لێخوڕە کوڕە.."..

دورمش خۆی لانەدابایە دەکەوتە ژێر ئۆتۆمبیلەکەیەوە.

گوڵبەهار باوەڕی بەم قسانە نەدەهات:"ئەو بۆ نان پەیـدا کـردن سـەری غـەریبی ناوەتەوە، هیچی کەی لا مەبەست نییە.. ئـەم جـۆرە شـتانەی بـە خەیاڵدا نایەت".

هەموو جارێك ئاوا دڵـی خـۆی دەدایـەوە، هـەوڵی دەدا بـڕوا بەکـەس نەکات، لەلایەکی تریشەوە سەری لەم کەین و بەینە دەرنەدەچوو.

ڕۆژوا خەریکـە هەڵـدێ، ترۆپکـی چـیاکان، یاڵـە بـەرزەکان. ڕوونـاك بوونەتەوە.. خاکە گەرمەکە، پەڵـە خەڵـەکان زەرد هەڵگـەڕاوەکان، پارچـە پەمووکەی تەنیشتی، گوڵە بەڕۆژەکان کە بە نازەوە ملیـان لار گرتـووە بـە ئاستەم خۆیان دەلەقاندەوە، تەمێکی خاو وەك تارایەکی تەنك هـەموو ئـەو ناوەی پۆشیبوو بە کاوەخۆ شـەپۆلی دەداو هیـدی هیـدی بـەرز دەبـوەوە.. لەلایەکەوە بەپەرۆشەوە چاوەڕێی هەڵهاتنی ڕۆژەکەبوو، لە لایەکی تریشەوە دەترسا..

"گوڵبەهار" وا لەناو مەزراکەدایە لە پەنجەی پێیەوە تـا تـەوقی سـەری گڕی حەزو ئارەزووە، گەر لەم ئان و ساتەدا پیاوێك لەوێ بوایە دەیتوانی بـە ویستی خۆی بۆ کوێی بوێ بیبا.. سوپاس بۆ یەزدان لەو ناوەدا کەس کـەس دیار نەبوو..

تەورەکەی لە دەست بەربوەوە سەر خاکە نمارەکەی بەرپێی، خاکەکە بەو بەیانیە جۆرە گەرمییەکی تێدایە... گوڵبەهار مەمکە توندەکانی دەرهێنا،

خۆی لەسەردەم درێژکرد، خۆی لە خاکە گەرمەکـە سـوی، زەردەزێ و وردە چەوی تیژ بە مەمکیـدا دەچـەقین خوێنـاوی دەبـوون، زیـاتر گـڕی حـەزی حەوزەڵەی دەسەند، خوێنی گەشـی مـەمکی تێکـەڵ بـە خاکەکـە دەبـوو، ماوەیەك لەو جـۆرە خـۆی بـە خاکەکـەدا خـشاند ڕۆژ تـەواو هـەڵهاتووە، مـەحموودی دێتەبەرچـاو.. وا دێتـە پێـشەوە.. تـا بڵێـی پۆشـتەیە، مـل بەستێکی ئاڵی بەسـتووە ئـاو لـە چـاو دەردێنـێ، پێڵاوەکـانی لەوبەتـەر، بەرەبەرە وادێ، وا گەیشتە دۆڵەکە، گەیشتە تەنیـشتی، یـەکتر لـە ئـامێز دەگرن، باوەش بە یەکدا دەکەن، ئەم لەو بەتەر بۆ یەك سووتاون، مـەحموود ئەوەندە پۆشتەو پەرداخە وەك شـارییەکی ڕاسـتەقینە پیـاو شـەرم دەکـات دەست بە جلەکانیدا بهێنێ نەکو پیسبن.. دورمش لەولاوە وەستاوە زاق زاق تەماشای مەحموود دەکات.. مەحموود دەڵێی لەو ڕۆژەوە لـە دێ دەرچـووە گـەرمی و سـاردی هـەرگیز نـەبینیوە.. تەراشـی کـردووە، ڕوومـەتی ورشەورشێتی.. دورمش ڕاوەستاوە پێدەکەنێ.. بەرامبەر یەکتر ڕاوەستاون، بۆخـچەیەك بـە دەسـیەوەیەتی، لـە دەسـتی بەردەبێتـەوە، پـیرە بوخـچە سیخناخە، مەحموود هەموو گیانی تکایە، لە گوڵبەهار دەپاڕێتـەوە، داوای لێبوردنی لێدەکات..

مەحموود دەڵێ: ئەمە حاڵ و حیکایەتەکەیە گوڵبەهار، هـیچ چـارەیەکم نەبوو وا گەڕامەوە...

ئەوەی ئەو دەیگوت، گوڵبەهار هیچی لێ نەدەبیست، ئەم ئاگری عیشقی دووری سووتاندبووی، کوژراوی چاوەڕوانی نۆ ساڵی ڕەبەقە.. وا بەرامبەری ڕاوەستاوە.. مەحموود دەستی درێژ دەکات و دەستی دەگرێ، گوڵبەهار دەستی دەکێشێتەوە، دەستی بە دەستەوە نادات، دەچێتە پێستی پڵنگەوە، شالاو بۆ مەحموود دەبات، بە نینۆك ڕوومەتی دەوڕووشێنێ.. دواجا خۆی دەگرێ، لە دڵەوە پەشیمان دەبێتەوە، لەو بارە نامێنێ، هەر وەك هیچ ڕووی نەدابێ دانەکانی جیڕ دەکاتەوە دواجا بە دەنگێکی پڕ لە قین دەڵێ:

"هادێ سەگی کوڕی سەگ.. نارەسەن هادیی".

مەحموود هەر دەپاڕێتەوە، کە دەزانێ پاڕانەوەکەی بێ سوودە، ڕووی وەردەچەرخێنێ پشت لە گوڵبەهار دەکات، گوڵبەهار لە دواوە تەماشای دەکات.. جلە نایەبەکەی، پێڵاوە بریقەدارەکەی، کراسە ئاڵەکەی، قژی سەری تۆزی ڕێگاکەیان لێ بارە، هەنگاوی لە رزۆك و نابەدڵی دڵ بە بوریان دەکا.. سەرەڕای ئەمەش تا دەستی دەگرێ بێ ئاوڕدانەوە بوخچە پڕەکەی دەستی بۆ دواوە تورهەڵدەدات.. .

"ها دی نارەسەن.. هادیی...".

خۆرەکە بەرزبۆتەوە، دەغڵەکان، گوڵەبەڕۆژەکان، زەوییە نمدارەکەی ژێر پێی، برە دارەکانی تەنیشت دێ، ڕۆخی ڕووباری جەیحون کە وەك شریتێکی

سەوز کـشابوو، تیـشکی ڕۆژ پۆشـیبوونی.. تـا دەهـات ئـەوناوە گـەرمتر دەبوو.. گوڵبـەهار چـۆتە سـەر گابـەردێك لـە دواوە تەماشـای مـەحموود دەکـات، چـاوی لێ نەتروکانـد تـاکو بـووە خـاڵێکی ڕەش و لـەناو تـۆزی ڕێگاکەدا توایەوە،... چاوەکان پڕبوون لە فرمێسك.

لەسەر گابەردەکە هاتەخوار، دەستی بـە دروێنـەی گیـای نێـوان بنجـە پەمووەکان کرد، بێ وەستان خێرا خێرا بۆ ماوەیەك باڵی وەشاند، گوڵبەهار سەروملی لـە تـۆز نیـشتووە، لەشـی لـەناو گـڕی گەرماکـەدا دەکـولا... چێشتەنگاوێ درەنگ کاتێ نانی دەخوارد، بەرەبەرە هاتـەوە خـۆی، لەبـەر خۆیەوە بزە دەیگرت، لەبەر خۆیەوە وتی:"مەحموود ئەمجارە بهاتبایەتـەوە.. ئاه چ دەبێ گەر بێتەوە... هەرچی کردبێ گەردنی ئازاد بێ، هەرچی بکات لێی دێ... با... با ژنیـشی هێنـابێ هـەر گوێـشی نـادەمێ... بـا پێـنج منداڵیش لەگەڵ خۆیدا بهێنێتـەوە بـەس بێتـەوە بێتـەوە.. نـانی خـوارد، دەستی بە کارکردن کردەوە.. زەوی ئاسنێکی داخکراوە، هەمدیس پۆل پۆل قورینگان بەسەر سەریا تێدەپەڕن... دەبوونە کۆمەڵێ خـاڵی ڕەش ڕەش بـە گەواڵە هەورە سپیەکانەوە، هەندێ جار سێبەری هەورەکان، هەنـدێ جـاری دیکەش سێبەری پۆلە قورینگان دەکەوتە سەر زەوی و گورج ڕەت دەبوو...

گوڵبەهار لە باینەوە وا لە ناو کێڵگەکەدایە، تا ئێستاش جاروبار بـیری دەڕواو بێـدەنگ ڕادەوەسـتی و تەورەکەشـی بـە دەسـتەوەیە... گوڵبـەهار

هەمدیس لەشی گڕی سەندەوە، منداڵێکی بچووکیش بێت دەستی بگرێ بۆ ناو مەزراکە پەلکێشی دەکات، بێ ورتە دووی دەکەوێ... لەم حاڵاتانەدا گوڵبەهار هەستێکی سەیر دایدەگرێ.. بۆنی چزیلکی سووتاو خەریکە کاسی دەکات...

مەمکەکانی دەرهێنا

خۆی لەسەر زەوییەکە درێژکرد

دڕك و وردەچەو بە مەمکەکانیدا دەچەقن و خوێناوی دەکەن...

سەر چیاکان بە تەواوی سپی هەڵگەڕاون، لە زەوییەوە بەردەوام تەمێکی خاو بەرز دەبێتەوە.. چی ببینێ باشە.. وا لەناو تەمەکەوە مەحموود بەرەبەرە لێی دێتەپێشەوە.. گوڵبەهار لە خۆشیاندا نازانێ چی بکات، بەدەوری خۆیدا سوڕێك دەدا و ڕاست بەرەو پیرییەوە دەچێ.. مەحموود جلێکی نوێی جوانی لە بەردایە، کراسەکەی ئاوریشمە، دەسەسڕێکی سپی بە یەخەی چاکەتەکەیدا کردووە، پێڵاوێکی بریقەداری لە پێیە.. هیچ نەگۆڕاوە.. بزەی دێ، بزەکەی دەبێتە پێکەنین، لە دڵەوە پێدەکەنێ، لەبەرخۆیە شتێك دەڵێ، جانتایەکی گەورەی بەدەستەوەیە، جانتاکە ئاوساوە.. "هادی سەگ کوڕی سەگ هادیی.." .. مەحموود لەم دەنگە دەسڵەمێتەوە، وەك بترسێ، لەپڕ ڕادەوەستێ هەڵوێستەیەك دەکات و تا پێی بگرێ بەرەو دوا ڕادەکات...

گوڵبەهار جارێکی کە دەچێتە سەر گابەردەکە، تا تارماییەکـەی لـەناو تۆزە سوورەکەدا ون دەبێ چاو ناترووکێنێ.. "خوا دەکات ئـەمجارە دێتـەوە خۆڵی ژێر پێی ماچ دەکەم.. ناهێڵم پووشێك لەسەر پووشێك دابنێ... خۆم چیم.. ئەو بـۆ خـۆی بخـوات و... تیـشکی خـۆر گەیـشتە ئـەو دیـو بـڕە چنارەکان... تەورەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە.. مـەمکی خوێنـاوی بـە زەوییەکەدا دەخشێنێ.. کەسەر بەرز دەکاتـەوە، چـی ببینـێ باشـە؟... وا مەحموود ئەسپ سوارێکە، ئەسپەکەی ئەوەندە جوانـە نەبێتـەوە، مـەحموود سوارە نە گاڵتە... جزمە سوارانەکەی، سمێڵی قیت و بادراوی.. دەستی بـۆ درێژ دەکات، ئەوەندەی نامێنێ لە ئەسپەکە بیهێنێتە خوارەوە، ئـاوزەنگی، زین، نەرمەزین سەرتاپا بە ئاوی زیو نەخـشێنراون، سورمەچـنە بریـسك و هوریانە... مەحموود دەستی بۆ درێژ دەکات، گوڵبەهار دەستی بە دەستەوە نادات، مەحموود دادەبەزی، دەیەوێ دەستی دەستۆکا گوڵبـەهار لـە ئـامێز بگرێ....

"هادیی نارەسەن هادییی..."

مـەحموود ئـاوزەنگی لـە ئەسـپەکەی دەدا، ئەسـپ باڵدەگرێتـەوە،.... گوڵبەهار ئاوێنەیەکی بـچووك دەردێنـێ تەماشـای خـۆی دەکـات. پارچـە پەمووەکەی گوڵبەهار چـاکی هێنـاوە، هـی خـەڵکی یـەکاو یـەك ببڕێـت، ئەمەی گوڵبەهار یەك و پێنج دەبڕێ.. تەماشای پارچە پەمووەکـە بکـەیت

سـەرت سـوڕدەمێنیٚ، تۆپـەڵ تۆپـەڵ پـەمووی سـپی لـە قۆزاغەکانـەوە دەرپـەڕیون، یـەك دوو قۆزاغـەی کـردەوە.. گوڵبـەهار مانـدووە، شـەوی ڕابوردوو خەو نەچۆتەچـاوی، چ لـە ترسـانا چـی لـە...، لـەم کاتـەدا کـە قۆزاغەکانی دەکـردەوە، قـڕەی ئۆتـۆمبیلێکی بیـست، سـەری هـەڵبڕی.. تادەهات ئۆتۆمبیلەکە نزیك دەبووەوە.. ئۆتۆمبیلەکە لـە تـۆزا غەرقـە... مەحموود دادەبەزیٚ، گوڵبەهار تەماشای مەحموود ناکات.. زەوی داخ بووە، گوڵبەهار لەسەر یەکە پێی دەگوێزێتەوە.. مەحموود دەستی بۆ درێژدەکات.

عوزری بۆ دێنێتەوە، لێی دەپاڕێتەوە، بەڵام ئەم گوێی پـیٚ نـادا... لـە ژێر بنجکێکدا چـەند زەنەقووتەیـەك تـازە سـەر جوقـاو زریوەزریویانـە... لالغاوەیان زەرد دەڕوانیٚ، گوڵبەهار قوڕگی دەگیریٚ ئەیەویٚ شتیٚ بڵیٚ...

"هادیی نارەسەن هادییی.." دەنگی دەرناچیٚ. مەحموود پەلکێشی دەکات، بۆ ناو ئۆتۆمبیلەکە دەیبات.. ناوەوەی نەرم و خۆش و فێنکـە، وا خەریکە لە پارچە پەمووەکە دوور دەکەونەوە، مەحموود دەڵیٚ:

- "گوێی مەدەریٚ".
- "پەمووەکەمان باشی هێناوە".
- "ئەم تۆزە پەمووە چییە؟!".

گوڵبەهار تا هێزی هەبوو هاواری کرد:

"هادی هەی نارِەسەن.. ئەمە نۆ ساڵە من خزمەت ئەم کێڵگەیە دەکەم و ناموس بە خێودەکەم هادی سەگی سەگ باب هادیی‌ی....".

دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی کردەوە، خۆی فرێدایە خوارەوە...

بەسەر خاکەکەدا ڕاکشا.. مەمکەکانی خوێناوی بوون... لەشی تۆزاوییە.. پۆل پۆل قورینگان ڕەت دەبن پڕ بە سینەی بۆنی کێڵگەکە هەڵدەمژێ... هەڵدەستێ، پشتی کەمێ چەماوەتەوە.. خەریکە ببورێتەوە.. پاش تۆزێك هۆشی دێتەوە بەر..

قۆزاخە پەموو کۆدەکاتەوە، سێبەری پۆلی قورینگ دەکەوێتە سەر پەمووەکە، تێدەپەڕێ ئەمجا سێبەری پەڵە هەورێك مەزراکە دادەپۆشێ.. گوڵبەهار سەرسام و بێدەنگ دەڕوانێ... بەتەنیا لە ناو کێڵگەکەدا ڕاوەستاوە و بۆ دوور دەڕوانێ

* لە (Butun Hikayeler)ەوە.

# خەنجەر

پەشار کەمال

خۆره داخ  بووەکەی ناوەڕاستی ئاسمان سێبەرەکەی لە ژێر پێیدا کۆکردبووەوە.. لەگەڵ هەر هەنگاوێکیدا، خۆڵە پەتانیە گەرمەکە دەورووژا و تا ئەژنۆی خۆڵەکە دەنیشت، سەرو ملیشی تۆزاوی بووبوون، ئارەقەی توێڵ و لامل و ڕوومەتی ڕێچکەیان دەبەست و دەبوونە قوراوێکی پەتی... دەسەسرێکی بەسەرەوە پێچابوون چمێکێکی لە دەم نابوو دەیکروشت. هەندێ جاریش لە خۆڕا دەستی دەبزواند و لەبەر خۆیەوە بڵمەبڵمێکی دەکرد، تەکانی دەدا ئەمما تەکان.. لەم کاتەدا باکە بەهێزتربوو، ڕێك ڕووی لە باکە بوو، ناچار کەمێ بۆی چەمابووەوە.. لەپڕ هەڵوەستەیەکی کردوو ڕاوەستا، توندتر ددانی لە لفکەی دەسەسڕەکە گیرکرد، دەمی ببووە پەلاس.

زوبانی پارچە دارێك بوو لە دەمیدا..."من.." بە دەنگێکی بەرز وای وت.."... من پێی نیشان دەدەم... من پیاوی دزیم؟.. کابرا نالێی ئەمە کوشتنی لێ دەبێتەوە؟..." کە ئەمانەی دەگوت ڕاوەستابوو، هەر کە لەو

وتانەی بوەوە کەوتەوە ڕێ، هەستی بە خۆڵە داخ بووەکەی ژێر پێی نەدەکرد. لەپڕ لا ڕێی گرت و کەوتە نێو پارچە دەغڵێکەوە، خشەو قرچەی شکاندنی لاسکە وشکەکانی ژێر پێی دەهات، لە دوورەوە گوڕەگوڕی ئامێرێکی ژنەوت، ژاوەژاو و هەڵەوزەنەی جووتیارەکانی ئەو ئاقارەشی جارجارە گوێ لێ دەبوو. پێڵۆکانی هاتبوونە یەك، ڕوومەتە لاوازەکەی ئەوەندەی کە بچووکتر بووبووەوە ڕەش داگیرسابوو، لۆچەکانی تەوێڵی قوڕاوی ببوون، زەوییەکە لەو ئاستەدا شەقار شەقار ببوو، درزی گەورە گەورەی تێکەوتبوو، پێی لەیەکێ لەو درزانە خزا بەدەمدا کەوت، ئازاری پێگەیشت گرمۆڵە بوو، خۆڵە داخ بووەکەش بەپێوپلیا دەچزا، بەنیوە ئاگایەکەوە بە دەوروبەری خۆیدا هەڵیڕوانی، لە خۆڕا قوڵچەیە لاسکی دەسەکەنە کرد، نەیزانی بوو لە دەمی خۆی تەپاند و گورج تفاندیەوە.. پاش کەمێك هەستاو دەستی بە ڕۆیشتن کردەوە، خۆی بۆ ڕانەدەگیرا بەملاوبەولادا دەهات، لە تری دەدا و بەزۆر خۆی بۆ ڕادەگیرا، لەپڕ وەستا، تاس بردیەوە، دۆش داما، مەسەلە چییەو بۆ کوێ؟ بیری کەوتەوە:"ئای بێ نامووسی بێ..." بەڕقەوە وایگوت:"... بزانە چیت بە سەرا دێنم.. کورە کابرا ئەمە پیاو کوشتنی لە دواوەیە.. من کابرایەکی جەردەو دزم؟ ئەوەندە ساڵە لە چقورئووا نامووس بە خێو دەکەم..".

دووباره تاس بردییەوە.. خۆر بەسەرسەریەوە جۆشی دابوو.. ئەو ڕۆژە تا دوای نیوەڕۆ لە ناوەڕاست پەڵە گەنمەکەدا لەبەر تینی ئـەو گـەرما بـێ ئامانــەدا، لــەو دەشــتاییەدا ڕاوەســتابوو.. کــابرا چــاوی نوقانــدووە.. منداڵێکی سـێ سـاڵە لـە ژێـر سـێبەری دارگوێزێکـدا... ددان سـپی.. بزەیەکی ساوایانە... منداڵەکە باوەشی بۆ دایکی دەگرێتەوە... منداڵەکە ئارەقەی کـردووە.. کراسـێکی شـڕی لـە بەردایـە.. دەگـری.. بۆشـتێك دەگری.. ئافرەتەکە لەناو دەغڵەکەوە بۆلای منداڵەکە دەگەڕێتەوە، لێـوی شەقار شەقارە.. پیرەژنێك، داپیرەیەکی پۆپ چەرموو دەستی لـە کەمــەر ناوە، لەبەر خۆیەوە بۆڵـە بۆڵیـەتی، دەسـتە لاوازە سیـسەکانی داپـیرە.. دەستە ڕەق هەڵاتووەکانی... دەستەکان... دەسـتەکا.. دەسـت، لـە ژێـر گــەرمای بــێ وێنــەی چــوقوور ئــووادا درێژدەبێتــەوە... دانــەکانی جیڕکردۆتەوە... "لە ژێر پێی دەردەهێنم.. من دزیم کردووە ها.. ئەو من چوومەتە سەر مــەزرای پــەمووی موحــەرەم ئاغــا؟ ... هــا.. وانییــە.. دەتەوێ ئاو بکەیتە ژێرم؟..."

لەم دەمەڕا لە وەشتەوە باکە توندتر هەڵیکرد، سێبەرەکەی درێژ بەرەو ڕۆژهەڵات کشابوو، گەواڵە هەوری چەرموو تا سەر دەریای سپی ئاسمـانی گرتبووەوە.. لەبەر خۆیەوە هەندێ فڵتەفڵتی دیکەی کـرد.. هـەنگاوێکی هاوێـشت و وەسـتا. هەمـدیس بـە خێرایـی کەوتـەوە ڕێ، لـەناو پەڵـە

گەنمەکەوە هاتەوە سەر ڕێگاکە، ڕێبوارێك لە پێشیەوەیە، خوزی چاوی هێنایەوە یەك و چاوی تێبڕی.. تاریکی بەرەبەرە ئەو ناوەی دادەپۆشی، وەکو تارماییەکی ڕێبوارەکەی دەدی.. پێی هەڵگرت تا پێی گەیشت... "کابرا هۆو..!" ئاوای پێگوت ئەویش ئاوڕی دایەوە، بە خۆشییەکەوە ئاوڕی لێدایەوە.. ئەم وتی:"عەلی ئەوە خۆتی؟".. عەلی ڕاوەستا:"لە پاش ملە زۆری پیێ وتی.. هیچ نەما پێت نەڵێ.. دەیگوت دزە.. بێ ناموسە.. دەیگوت یەکێکی وەکو ئەمە ناوی هەموو جوتیارێك دەزڕێنیێ.. چوزانم".

"جوێنیدا؟".

"یەخەم بەردە من نازانم.."

"چۆن نازانی؟"

"نازانم و ئەه...".

"چی تری دەووت؟".

"نازانم..".

"وتی لەگەڵ ژنەکەیدا خەوتووم؟ وانییە؟.."

"نازانم، بەڵام بێناموسێکە تاکی نییە.."

"یانی وتی لەگەڵیا خەوتووم؟".

"تا بێژی پیاوێکی بێناموسە.."

"یانی له پێش سەد کەسدا وای وت؟".

"ئاڵچاغێکه نەبێتەوە..."

"ئای دایکی له نێرەکەر.. یانی ئاواها؟".

"له چقورئوادا بێناموسێکی وەك ئەو کابرایه نه هەبووەو نه دەبێت.. سەرکار نییه جەللادی جوتیار و سەپانه... سەگی ئاغایه.. دوژمنی باوه کوشتەی هەژارانه.. چ دەبوو ئەگەر ئەو جەواڵه پەمووەی تۆی به ئاغا ڕانەگەیاندبایه.. چ دەبوو؟"

عەلی مەچەکی گرت و ڕایوەشاند.. خوێن له ڕوومەتیدا نەمابوو... چاوی چووبووه تەوقی سەری، چاوی بڕییه دوڕ چاوی...

"کوره کابرا ڕاستم پێ بڵێ، وتی لەگەڵ ژنەکەیدا خەوتووم؟...".

بێ دەربەستانه شانێکی هەڵتەکاند و وتی:

"نازانم..".

ئەم دەستی داوه خەنجەر و وتی:

"کوڕه هێی..".. ئەو لچێکی لێ هەڵقورتاند:

"له جیاتی ئەوەی خنجێر له من سوڕدەی بڕۆ...".

ئەم بەڕقەوه پاڵێکی پێوەناو گەڕایەوه دواوه، کەوته ناو مەزراکە، دڕك و داڵی دەشیلا، هەناسەی سواربوو.. ڕادەوەستا، لەپڕ دووباره دەکەوتەوه ڕێ.. پێ و پلی دڕك ڕووشاندبووی خوێنیان لێ دەچکا..

هەنـدێ جـار گەواڵـە هـەورەکان مـانگی دادەپۆشـی... وا لـە پـاڵ قەرەچارییەکەدا درێژبۆتەوە.. مانگ بەرەو ئەودیو چیاکە دەکشا.. چاوی لە تاریکایی چیاکەی بەردەمی بڕی... مانگ ها ئێستا ها نەختێکی کـە ئاوا دەبێ.. هەرکەمێ لەولاوە سەپانەکان لە شیرین خەودان، سـەرکارەکە لەولاترەوە.. مانگ گەیشتە ترۆپکی چیاکەی بەرامبـەر... خەنجەرەکـەی لە کیلان هەڵکێشا، ئەوە مانگ ئاودیو بـوو.. شـڵەژا.. دەسـتی کەوتـە لـەرزین.. بەسکەخـشکێ بـەرەو بنـچکێ ژاژ ڕۆیـشت.. هەناسـەی بـۆ نەدەدرا، لە پاڵ ژاژەکـەدا لەسـەردەم خـۆی درێـژکرد.. یـەکێك لـەولاوە پرخەی دێ.. هەندێ جاریش وڕێنە دەکـات، بـەدەم وڕێنەکردنـەوە بـاری خەوەکەی گـۆڕی.. ئـەمیش خەنجەرەکـەی بەدەسـتەوەیە... دەسـتی بـە خەنجەرەکەوە سڕبووە.. وەختە لە دەستی بەربێتەوە.. ترپـەی دڵـی خـۆی دەژنەوت.. کەمێ لەولاترەوە تارماییەك جوولا.. لەپڕ تـا دەسـتی گرتـی خنجێرەکەی توڕهەڵدا.. هەستاو بەرەو ئاوایی گەڕایەوە...

ـ لە(Buttun Hikayeler)ەوە.

# دایکە

گوڵ حسین حسین ئوزلی

دەڵێن هەر ئەوەندە پەنایەکی دەست بکەوێ، دادەنیشێ و دەست بە گریان دەکات.. وا ڕێکەوت جارێکیان بە چاوی خۆم بینیم بە کوڵ دەگریا. بۆ دڵدانەوەی خۆمم لێ نزیك کردەوە، بەڵام هیچم بۆ نەوترا... چۆن و بەچی دڵی بدەمەوەو چی پێ بڵێم؟...، .. خەڵك وخوا پیان دەگوت: "بۆ سەری دنیات لێ هاتۆتەیەك، هەر لەبەر ئەوەی نامەی دواکەوتووە؟، جا ئەوەچییە، خۆت دەزانی لە شوێنێکی دووردایە، خوا یاربێ ئەوەندەت زانی لە پێش نامەکانی پەیدابوو.."... ئایا دەمتوانی تەسەللای بدەم؟ نەخێر... نەمدەتوانیش بێ پێچوپەنا ڕاستیەکەی بخەمە دەستی... ئافرەتێك، شەو بداتە دەم ڕۆژەوە، ڕۆژ بەدەم شەوەوە هەر بگری و لە پەژارەدا بێ، چۆن وا بە سووك و سانا دڵی دەدرێتەوە؟... تەنها بیرکردنەوە لە کارێکی ئاوا دڵم پێی دەکەوتە کوتەکوت، دۆش دادەمام نەمدەزانی چ بکەم... .

که گەڕامەوە زوو زوو سەردانی دەکردم، دەهات و قسەی خۆشی بۆ دەکردم، حەزی دەکرد بمبینێ، دەیگوت:"بۆنی ئەوت لێدێ..."، بەڵام کە دەمدی خەمی دنیام لە دڵدا کۆدەبوەوە، نەیدەزانی لەبەرچیە کە دێتەلام ڕەنگ لە ڕوومەتمدا نامێنی و گریان قورگم دەگرێ.. بەدیقەتەوە تەماشای دەکردم و نەیدەپرسی ئەوە چیتە، تەسەللای دەدام، بە دەنگێکی پڕ میهرو خۆشەویستیەوە دەیگوت:"کوڕە شیرینەکەم بۆ دڵگیر دەبی، سوپاسی یەزدان بۆ ناکەی کە بە ساغ و سەلامەتی گەڕاویتەتەوە، وا زامەکانیشت سارێژبوون، هەر چەند کەمێ لاواز بووی زۆری پێ ناچێ دەگەڕێتەوە دۆخەکەی جاران.."..  وتەکانی زاتی دەدامی ئەوەندەی نەدەما هەموو شتێکی بۆ ئاشکرا بکەم...

---

ڕۆژێکیان لە ژێر سێبەری دارێکی لقوپۆپداری حەوشەدا ڕاکشابووم کتێبێکم دەخوێندەوە، لەپڕ دەنگی گریانێکی بەکوڵ دڵی داخورپانم.. کتێبەکەم دانا.. ئەم گریانە دەبێ چیبێ؟ دەبێ کێبێ وا بەکوڵ دەگرێ؟ دەنگەکە سڕی کردم، بە هەموو جەستەمدا ڕۆدەچوو، گەیشتە ناخم، کە گوێم هەڵخست دەنگەکەم ناسییەوە، بەم دەنگە ئاشنابووم، هەستام.. پورە لەیلایە.. لە هەیوانەکە ئەمەم بینی پەشۆکام، ویستم بەسەر دیوارە نزمەکەی نێوان حەوشەکانماندا بازدەم و بڕۆمە کنی.. لەم والا وردەدا بووم

قەلەڕەشێك بەسەر دیواری باغچەکەیانەوە نیشتەوە، سەری هەڵبڕی کەوتە تەماشاکردنی ،گوێم لێبوو وتی: خدایە بـەخێری بگێـڕی.. دەمێـك بـوو چاوەڕێی ئەمەم بوو بەدەنگێکی بەرزتر ڕووی لە مەلەکە کرد: ئـەی مـەل پێوقـەدەمت خێربـێ، ئەگـەر کوڕەکـەم تائێـستا زینـدووە شـوێنەکەت بگوێزەرەوە.. دەی بگوێزەرەوە...

مەلەکە جارجار ئەیقیران، بەڵام لـە جێگاکـەی خـۆی نـەدەبزووت... دایکە پەریشانی شلەژانی لە ڕوومەتیدا دەرکـەوت.. کەوتـە هەڵڕشـتنی دەردی خۆی بۆ مەلەکە:

ـــ مـن دایکـم.. نـازانی دڵـی دایـك چـۆنە؟ کوڕەکـەم نەهاتۆتـەوە بگـوێزەرەوە. نابیـستی.. بـا کوڕەکـەم بێتـەوە.. بگـوێزەرەوە دەی.. قەلەڕەشەکە بەسەر لقی زڕەدارێکەوە هەڵنیشتبوو، جارنەجارێ باڵـەکانی بەیەکدا دەداو دەیقیڕان.. دایکەکەش بێ وەرسبوون چـاوی ئومێـدی تـێ بڕیبوو بەتەمابوو بگوێزێتەوە.. نەیگوێزایەوە.. پاڕانەوەکەی دایکـە دڵـی گوشیم، لەناو دەریای لێکدانەوەدا هەرچی چۆنێك بوو بیرێك وەك بروسکە لە مێشکمدا چـەکەرەی کـرد:"مەلەکـە هـەڵفڕێنم...". خـۆم لێ نزیـك کردەوە، دانەویم بەردێکی بـچووکم هـەڵگرت و هاویـشتم.. هـەڵفڕی... پوورە لەیلا ڕەنگی بەبەراهاتەوە، خەم و پەژارەی دڵـی لەگـەڵ مەلەکـەدا هەڵفڕی، زەردەخەنەیەکی خۆشی پڕ لە ئومێد کەوتە سـەر لێـوی.. زۆری

پێ خۆش بوو.. کە بینیم دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە و چووە ژوورەکەی تەنیشتی، منیش لە دڵە کوتێ کەوتم...

هەستێکی غەمگین دایگرتم، لە دڵەوە زۆر پەشیمان بووم کە من ئەم ئافرەتە هەڵدەخەڵەتێنم، گوناهی چییە؟!.. من بۆ ئەم ڕاستیەی لێ بشارمەوە؟!

---

هاوڕێکەم لە سەرەمەرگدا ئەو داواکارییەی خستە ئەستۆم تا ئێستا بەجێم نەگەیاندووە. ئایا باشم کردووە؟. بۆ وادەکەم؟.. ئەم پرسیارانەم لە خۆ دەکرد، ئازاریان دەدام، خەویان لێ دەتۆرانم..

کاتێ مەلەکەشم هەڵفڕاند پەشیمان بوومەوە، ڕاستە لەگەڵ هەڵفڕینی مەلەکەدا خەمەکانی پوورە لەیلا باڵیانگرت، خۆشییەك کەوتە دڵی، بەڵام خەمی دنیا بەسەرمندا باری.

---

گەرمە ڕۆژێکی مانگی ئاب بوو، لە دانیشتنێکماندا دراوسێکان هەموو لە شوێنێ کۆ ببووینەوە، پوورە لەیلاشمان لەگەڵدا بوو.. مامم ڕووی دەمی لێکردم کە باسی شەڕەکانمانی بۆ بکەم. چاوم بە هەموویاندا گێڕا، تەماشایەکی پوورە لەیلام کرد. کە هەردەم چاوی ئومێدی لە زاری من بڕیبوو بەڵکو شتێك بڵێم و تەسەللای بدات. دەمم بەیەکاچوو، نەم

دەویست هیچ بڵێم، بەڵام کـەزانی مـن خـۆم دەدزمـەوە، بـە دەنگێکـی لەرزۆك وتی:

ـ بڵێ... ڕۆڵە بۆ قسە ناکـەی.. قـسەیە بکـەو دڵـی دایکـێ فێنـك بکەرەوە..

برایان گوێبگرن... با باسی ئازایەتی و لێهاتوویی یەکێکی لای خۆمانتان بۆ بگێڕمەوە.. ئەمجارە دەمویست ئەوەی مەبەستمە ڕێکوڕەوان بیدرکێنم:

لە یەکەم ڕۆژەوە پەیمانمان بەیەکتردا لە یەك جیانەبینەوە، بەڵام مـردن لە یەکمانی دابڕاند.. لە گەرمەی شەڕێکماندا چـاوم لێ بـوو وەك دارێـك بەر هەورە تریشقە بکەوێت ئاوا بـەلاداهات.. هەرچـی چـۆنێ بـوو خـۆم گەیاندێ، گوللەیەك بەر سنگی کەوتبوو، زامەکەی چوون گوڵێکی سـوور تازە دەمی کردبێتەوە وابـوو.. سـەریم بـەرزکردەوە، خـستمە سـەر ڕانم، دەستم بەسەریدا هێنا.. "هەڵسە نامەردت نەکەن هەڵـسە..، زامەکـەت کاری نییە..".. چاوەکانی تـێ بـڕیم وتـی:"نـەء .... وا مـەڵێ.. دڵـم مەدەرەوە.. داوای شتێکت لێ دەکەم ئەزانم بێ دڵیم ناکەی.. گەڕایتـەوە دەچیتە ماڵمان .. چاوی دایکم مـاچ بکـە، پێـی بڵـێ کـاتێ ڕۆڵـەکانی نیـشتمان دەگەڕێنـەوە، دەزانم ئـەو کاتـە ئـەو بەسـەر گردەکـەی نزیـك ماڵمانــەوە ڕادەوســتێ و چــاوەڕێ دەکــات.. نــەڵێ کــوا کوڕەکــەم و نەگری...".. هاوڕێکەم ئەمەی وت و بۆ یەکجاری بێـدەنگ بـوو... لـە

باوەشمدا گیانی سپارد.. بەو پەڕی ڕێزەوە ناشتمان، یەشتا تەرمەکەیمان هەڵنەگرتبوو، جەنگاوەرەکان سوێندیان بە خوێنی ڕژاوی خوارد... منیش بە دوایانا بەدەم فرمێسك ڕشتنەوە دەمووتەوە...

وەك بارێکی گرانم لەسەرشان لاچووبێ، هەناسەیەکم هەڵکێشا، گورج تەماشای دایکەم کرد، چاوەکانی دوو کانی تەقیوبوون... سینگی خێرا خێرا بەرز دەبووەوە و دادەکەوت. تەماشاکەی ئاگری دەپرژاند، بەدەم هیچی نەدەگوت تەماشاکەی دەدوا، کەس وا تەماشای نەکردووم.. دڵی پوورە لەیلام بە ئاشکرا دەخوێندەوە.

نەمتوانی پێی بڵێم: ئەوە سۆراخی کوڕەکەتە.. ڕێگام دەدەی چاوەکانت ماچ بکەم.. نەمتوانی ئەمەشی پێ بڵێم.. ڕووم لە خەڵکەکە کرد:

ـ دایکێك کوڕی وا بخاتەوە دەگری؟.. مامم لە مەبەستم گەیشت:

ـ نەء ڕۆڵە ناگری، دایکی ئاوا هەق نییە بگری...

ڕووی لە پوورە لەیلا کرد:

ـ نەء ناگری... ڕۆڵە ناگری...

دوای ئەمە هەر کاتێك و لەهەر جێگایەکدا ڕووبەڕووی پوورە لەیلا ببوومایە بە هەمان تەماشا دەیبرژاندم.. دەنگی تەماشاکەیم دەبیست.."کوا کوڕەکەم..؟" تەماشاکەی ئاوای دەگوت. دەترسا بگری... زاتی نەدەکرد دەترسا، کەسیش وەرامی ئەو پرسیارەی بۆ نەدەدرایەوە.

# پۆستاڵ و گوڵ

یوجەل فەیزی ئۆغلۆ

(ـ یەکێکە لـە چیرۆکنووسـە ناسـراوەکانی تورکیـا.. نزیکـەی (١٥) ساڵێکە لە ئەڵمانیا دەژی

ـ چیرۆکەکانی لەلایەن ڕەخنەگران و خوێنەرانەوە پێشوازی لێدەکرێ... ژیـانی بەندییـەکان نـاو زیندانـەکانی تورکیـا پانتاییـەکی فراوانـی لـە چیرۆکەکانی داگیرکردووە.

ـ ئەو بەرهەمانەی بە چاپگەیاندووە/

ـ قاچاغ، کۆمەڵە چیرۆك ١٩٧٤

ـ گرمە ڕۆمان

ـ کوڕەکەچەڵە... حەکایەت، سێ بەشە ١٩٨٣

ـ بێ نەوایان، کۆمەڵە چیرۆك ١٩٧٠)

ئەو ڕووداوەی دەمەوێ بیگێڕمەوە تـرس و بیمێـك لـە دڵـم دەنـێ و دەمهەژێنێ.. دەترسم ئەمە بە دانپێدانان دابنرێت.. تۆ بڵێی بەمە نهێنی هەڤاڵەکانم دەدرکێنم؟!..

تا ئەو ڕۆژە ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆریان دەدام.. ئـەی گوایـە ئێـستا نایکەن؟..

نامەوێ بیری خۆمی بهێنمەوەو بای بکەم.. ئاه ئەشکەنجەی ئـاوا؟!.. بـاس نـاکرێ و ناگێڕدرێتـەوە، ئەشـکەنجەدان کـەسمانی نـەدەبوارد. کـە باسیشی ناکەم لەبەر ئەوە نییە نامەوێ بیلێم، بەڵکو کارێکە بەدەم بـاس ناکرێت و ناشمەوێ بیرم بکەوێتەوە.. کەچی لەو کاتانەدا، لـەو سـاتانەدا، مان و نەمان لەگەڵ یەکتردا لـە ململانێـدا بـوون.. بـەڵام هـەرگیز شـتە جوانەکانی ژیانمان لەبەرچاو نەدەکەوت، بستێك ئاسمانی شین، باڵی کـۆترە شینکەیەك هەموومانی دەخسته نێـو دنیایـەکی دیکـەوە، ژیـانی لـەلا شیرین دەکردین، بزەو خەنـدەی دەخـستە سـەرلێوان، گـوڕوتینی بەبـەرا

دەکردین، زیندووی دەکردینەوە، ئەم بارە تەنها بۆ مـن نـەبوو، سـەرجەم ئافرەتانی نێو قاوشەکەی دەگرتەوە.. جا ئـەوەی ئێـستاکێ دەیگێڕمـەوە باس لە لایەنێکی جوانی پرشـنگداری ژیانـە.. بـەڵام لـە هـەمان کاتـدا ترسێکی بێ وێنەش بە ڕۆحم دەدا.

---

هەر دوو ڕۆژ جارێ، بۆ ئەوەی کەمێ هوشمان بەبەرابێتەوە بـۆ بیـست دەقیقەیەك بۆ حەوشەیان دەردەکردین، کە دەردەچووین هـیچ کوێیـەکمان لێوە دیار نەدەبوو.. حەسارە بەرزەکەی دەورمـان هـەموو شـوێنێکی لێ شـاردبووینەوە، لـەناو شـاری ئەسـتەموولْدا بـووین دەتگـوت هـەزاران کیلۆمەتر لە ئاوەدانیەوە دوورین.. بەمە دەیانویست لە بیخەوە لە ژیانمان هەڵکەنن، شادەماری ژیانمان لێ بڕابوو، بە تاسووقەوە بۆ شتێك دەگەڕاین کەمێ تام و بۆی ژیانی لێ بێ، سوچێکی ژیانمان پـێ ئاشـنا بکـات، لـە چیمەنتۆڕێژ و کۆنکرێت و ژوور و قاوشی نمدار بەولاوە هیچمان نـەدەدی، بەهەر لایەکدا بمانڕوانیبا، بۆ کوێ چاومان هەڵخـستایە هـەر چـیمەنتۆ و کۆنکرێت و بەرد و دیوار و ژوورە تاریکەکانی زیندان و ڕێڕەوی شـێدار و پۆستاڵی جەندرمەکان بوو. لە ئەستەموولّی جواندا هـەر ئـەو شـتانەمان دەدی و لە (٤٨) سەعاتیشدا تەنها (٢٠) دەقیقە بە دیتنی ئاسمـان شـاد دەبووین.. ئاه، ئاسمانی نیشتمان چەندە جوانە... شینێکی تۆخ.. دنیـای

شینایی ڕەنگامــە، کــە ئــەو جوانیــەمان هەڵدەمــژی ئــارامی و هێمنــی پێدەبەخشین، نوقمی خۆشی دەبووین، ئێمەش ئەو ڕەنــگ و شــیناییەمان لەگەڵ خۆماندا دەبردە قاوشەکانەوە، خەم و ئازارەکانمــان پــێ فــەرامۆش دەکرد...

ڕۆژێکیان هەور ئاسمانی داپۆشی، وەك بووك تارای سپی بە خۆیا دادا، جوانتر دەرکەوت، زۆری نەبرد باران دایدا، بارانێکی لێزمە، وەك کونــەت سەرەو خوار کردبێ وابــوو، خۆمــان دایــە بــەر ڕێژنەکــە، پــاکو خــاوێنی کردینەوە، ڕوومان خوێنی تێزاو گەشایەوە، زۆر نەماینەوە کەرایننیانــەوە قاوشەکان چ دەبوو گەر کەمێکی کە بمانایەنەوە؟.

بــۆ دوو بــەیانی کــاتی دەرچــوونمان بــوو، بارانەکــەی پێــرێ هــیچ ئاسەوارێکی دیار نەبوو، تەماشای چیمەنتۆ ڕێژەکەمان دەکرد، وەك نەبای دیبێ نەباران وابوو، یەك دلۆپە ئاوی بارانەکە دیارنەبوو... بــارانێکی بــە خوڕی هاوین بوو هات و ڕۆیی.. لەم کاتەدا یەکێ لە ژنەکان هــاواری لێ هەڵسا...!

"ئافرەتەکان... ئاوەرن تەماشای ئێرە بکەن...".

هەمووومان خڕ بووینەوە، بەسەر سەریا ڕاوەستاین، چ ببینین باشە؟! لە نێــوان درزێکــی چــیمەنتۆڕێژەکەدا ڕێــك چــووزەرەیەکی باریــك بەقــەد دەرزییەك چەکەرەی کردبوو..! تومەز بــەدەم (بــا)وە، بــەدەم بارانەکــەوە

خزاوەتە یەکێ لەو درزانەوە.. خۆشییەکی بێ وێنە هەموومانی داگرت، بەڕاست و چەپدا کەوتینە هەڵپەی دۆزینەوەی تۆزەقاڵێ خۆڵ و خاچ، لە سووچ و قوژبنەکاندا هەندێکمان پەیداکرد و لەبن و دەوری چووزەرەکەمان دانا، یەکێکی دیکەمان ئاوی هێناو بەئاستەم چەند دڵۆپێکمان پێدا وەك ئافرەتەکان دووگیان بن و بەتەنگی سکەکانیانەوە بن خەمیان لێ دەخوارد. جموجۆڵێکی سەیر لە نێوانماندا پەیدابوو، وەك منداڵێك ها ئێستا ها نەختێکی کە لە دایك بێی بە پەرۆشەوە بوون بۆی... کە چووینە قاوشەکانەوە ئەو ڕۆژەمان لە ڕۆژانی تر بەگران لێ تێپەڕی، وامان دەزانی کاتی دەرچوونمان بۆ حەوشەساڵێکی ترە.. هەر کە کاتی دەرچوونمان دەرگایان لێ کردینەوە، هەموومان بە پڕتاو خۆمان بە چووزەرەکە گەیاند، دەزانی تۆزێ بالآی کردبوو!، کەمێکیش شینتر دەیڕوانی، لە ناو ئەو پەرژینە بەرزەوە، لەو زیندانەوە هەستمان بە جۆرە خۆشییەکی سەیر دەکرد، قاقا پێدەکەنین، هاوار و قاقاکانمان بە دیوارە بەرزەکان دەکەوت وردوخاش دەبوون، توانای بەزینی دیوارەکانیان نەبوو، خۆشی و قاقاکانمان نەدەگەیشتنە ئەودیو.. ئەمجارەیان خۆمان باشتر بۆ ئامادەکردبوو، پڕ مشتێ ئاخمان پەیداکرد، بە چەند دڵۆپێك ئاوماندا.. ئەو بیست دەقیقەیەی ئەمڕۆ هەر نەمانزانی چۆن وا زوو کۆتایی هات... گەڕاینەوە قاوشەکان، لە نێوان خۆماندا باسی ئەو خونچەیەمان دەکرد کە

بەڕێوەیە.. هەر چەندە هیچ ئاسەوارێکی بە خونچە بوونیشی دیارنەبوو، ئێمە خۆمان وامان دانابوو، وامان دەویست، بەڵام هەر بە خونچەدەبێ... باشە کەبووە خونچە، چ ڕەنگێکی دەبێ؟!، دەمەتەقیمان کەوتەسەر ئەمە، لە هەر کەللەیەکەوە ئاوازێکمان دەبیست، هەر کەسێ چ ڕەنگێکی خۆشدەویست نوقلانەی ئەو ڕەنگەی بۆ لێدەدا.. دەرگا کرایەوە، بەجارێ هەمووومان ئاوڕمان دایەوە، ورتەمان لە خۆ بڕی،.. یەکێکی تریان هێنا، هەر لە دەرگاکەوە پالێکیان پێوەنا.. کچێکی باریکەڵەی جوان هەر لە تەمەنی (٢٠) سالێدا بوو، بە مانگی دەگوت تۆ دەرمەچوو من لێرەم.. بالارێك و ئەندام وردیلە، جلوبەرگێکی ڕێکولێهاتوو، کەو ئاسا سرك و سلێ.. چووینە کنی، دەورماندا.

"بە خێربێی خوشکی بەڕێز...".

هەموو بەیەك دەنگ ئاوامان گوت.. تومەز ئەندامی یەکێ لە ڕێکخراوە نهێنیەکانە.. سافیناز هەر خۆی سافینازە... خەڵکی ئەزمیر، بەزمانێکی ڕەوان دوا، کە دەدوا لە نێوان لێوەکانیەوە بڕێ یاقووت و مەرجان دەردەکەوتن، کە دەدوا وات دەزانی شیعر دەبێژێ.. هەرچییان لێ پرسیبوو، پرسیار هەر کییەکیان لێ کردبوو بە:

"ـ نایناسم و بە نازانم وەلامی دابوونەوە...".

بەم جۆرە بووە یەکێك لە ئێمە، بێ ئەوەی هەستی پێ بکات ئێمە خەم و پەژارەی ئەومان بوو.. ئاخۆ چی لێدەکەن؟

ـ ئێمە دەمانزانی چی لێدەکەن ـ

"باشت کردووە کچم دەست خۆش وا ناوی کەست نەهێناوە".

ئاوامان پێ دەگوت:"بێگومان، تۆ ئاگات لە هیچ نییە..".

"ئەگەر بتیشکوژن تۆ هەر بڵێ ئاگام لە هیچ نییە، ئێمە کەسمان کەس ناناسین و ئاگامان لە هیچ نییە..."

" بێگومان کەس ناناسین..".

ئاوا خۆمان ورەی خۆمان بەرز دەکردەوە. جارێکی دیکەش پەیمانمان تازە دەکردەوە: کە هیچ نەڵێین... سوێندی دایکایەتیمان بۆ یەك خوارد... (سافیناز) ئەمەی بینی، کەمێ بە خۆیدا هاتەوە، جۆش و خرۆشێکیش لە ناخماندا سەری هەڵدا... لە تەنیشت خۆمەوە جێگام بۆ کردەوە...

هەمدیس کاتی چوونە حەوشەیە، دەرگاکان کرانەوە، دەستی (سافیناز)م گرت، تا خونچەکەی پێشان بدەم هەمووومان لە دەوری چووزەکە کۆبووینەوە، ئاومانددا، بە ئاشکرا خۆڵەکەی دەوری هەڵتۆبزاندبوو و سەری دەرهێنابوو، ڕەنگی لە زەردباوەوە شین دەیڕوانی، لەناو ئەو چیمەنتۆ خۆت.. هەر یەکەو بە جۆرێ دەیلاواندەوە:

"شینابیە جوانەکەم.. وەنەوشەکەم.. گوڵەکێویلەی چیایی".

نازانی بە چ ئومێدێکەوە چاوەڕێی بووین.. گەورە دەبێ و گوڵ دەردەکا.. گوڵی هەمە جۆر و ڕەنگاوڕەنگ.. ڕەنگەکانی زیندانەکە دەشلەژێنی.. ئەو گوڵە ڕەنگی ئاواو ئاوا دەبێ... هەر یەکەو بۆخۆی ڕەنگێکی دیاری دەکرد، کام ڕەنگی پێ خۆش و لەلا جوان بوایە دەیویست گوڵێك بێ بەو ڕەنگە... بەڵام چووزەرەکەش لە کەشوهەوای خۆیدا نەشونمانی دەکرد، ئێمەش مەراقمان کردبوو، هەتا بووە خولیای سافینازیش، ئەویش دەیویست گولیلکە سوورەی چیایی بێ... دەبا وابێ.

بێگومان دەبێتە گولیلکە سوورەی چیاکان.. چونکی هەورەکان لە ترۆپکی چیاکانەوەی هێنابوو و گەیاندبوویانە ئێرەکانە و هەر بۆ ئێمەشی لێرە فڕێ دابوو... تاکو ئێمەش بۆنی ڕزگاری ئەو چیایانە بکەین.. کە زەنگ لێدرا وبەرەو قاوشەکانیان ڕادایــن... تاچووینە ژووریشەوە هەر ئاوڕمان لێرەدایەوە..

ئەمڕۆ (سافیناز)یان برد، خەم دایگرتین، دەبێ چی لەم جوانە بکەن؟. دڵمان کەوتە لێدان، ساتەکان گران تێپەڕین، درێژەی کێشا.. کێ دڵی دێنێ ئازاری کچێکی وا بدا؟....

ـ ژنەکان توخوا وانییە؟

ـ بەڵێ...

ـ کەس دڵی نایەت...

ـ بەڵێیێ....

بەیەك دەنگ هەموومان ئاوامان گوت، بەڵام دەمانزانی واش نییە! لە ناخماندا ترسێکی بێ ئامان چوون لافاوێکی لێخن هەڵیکردبوو.. ئومێدەکانمانی ڕادەماڵی. دەمانزانی چاکمان دەزانی دەتوانن چی بکەن و چی بەسەر ئەو کچە جوانەدا بێنن..

ـ بڕوا ناکەم یەکێك هەبێ دەستی لەم کچە بچێ!!

ـ بەڵێ وایە...

ـ ژنەکان وا نییە؟...

ـ بەڵێ وایە...

دوای چەند سەعاتێك دەرگا کرایەوە، هەموومان هەستاین، ئێمە بەنیازبووین بە تەماشا سرکەکەیەوە دەگەڕێتەوە نێومان، هەر وەك سرك و سڵی ئاسکێك... دەرگای قاوشەکە ترازا... بە پەرۆشەوە بەرەو پیری چووین... وەك جواڵێکی شلوشاو فڕێیاندایە ژوورەوە.. نەیتوانی هەڵسێ، شلوشەکەت، بەجەستەی خوێناوییەوە گەڕایەوە.. جەستەی شین هەڵگەڕابوو، هەناسەی بە زەحمەت بۆ دەدرا، گورج هەڵمان گرت لە جێگایەکمان دانا، برینەکانمان پاکژکردەوە، بە ئاستەم پێڵووی هەڵبڕی، نەدەگریا نە ورتەشی دەکرد، ئێمە دەگرین، دەستی کردە ملم، بە خۆیەوەی نووساندم...

ـ هیچت نەگوت وا نییە؟ کەسیش ناناسی...

ـ بێگومان خوشکێ کەس ناناسم... لەسەر خۆ ئاوای گوت.

دەستی یەکترمان گوشی، ئافرەتەکانیش بۆ لە ئامێزگرتنی ریزیان بەستبوو، نەمان هێشت هەڵسێ.. دەستمان خستە ژێر سەری و هەندێ خۆراکمان پێدا، چاوی چووە خەو، ئێمەش نقەمان لە خۆ بڕی... لێی دوورکەوتینەوە، چاومان لێ نەبڕی، ئەویش بەدەم خەوەوە وڕێنەی دەکرد: نایناسم.. نای.. نا.. سم

بۆ سبەینێ کەمێ هۆشی بەبەرا هاتەوە، هەڵمانساند و چێشتمان بۆ هێنا... پارچەیە نانە ڕەق و یەك دوو زەیتون... ئێمە ئەم قۆناغی ئەشکەنجەدانەمان بڕیبوو، ڕاهاتبووین، خەمی ئەوانەمان هەبوو کە تازە دەهاتن...

"دەی زووکەن". ئاوا هاواریان کردوو دەریان کردینە دەرەوە... جارێکی کەش ئاسمان، ئاسمانی جوان، هەتاو تەماشاکەن چۆن تیشکی بڵاودەکاتەوە.. گەرماییەکەی چوون گەرمایی باوەشی دایکە.. شنە بایەکی خۆش بێ ئەوەی بە خۆمان بزانین لە دەوری چووزەرەکە حەلقەمان دابوو، ساواکەمان کەمۆکەیەك باڵای کردبوو، دەمانویست هەمووومان بە خێویکەین هەموومان.. "ئافرەتان با ئەم کارە بە نۆبەت ئەنجام بدەین،

هەر جارەی یەکێکمان خۆڵ و ئاخی بۆ پەیدا بکاو یەك دوو دڵۆپە ئاویشی پێبدات.." نارەزایی بەرزبووەوە.

ـ "چەند ڕۆژ جارێ ئەم کارەمان بەر دەکەوێت؟!".

هەقمان بوو، بۆیە ڕێگا چارەیەکی دیکەمان دۆزییەوە، دەبا هەر یەکەو دڵۆپێ ئاوی بۆ بهێنێ، ئاخ و خۆڵ پەیداکردنیش با لە ئەستۆی چەند کەسێکی دیکەبێ.. بەم جۆرە هەمووومان لە بەخێوکردنیدا بەشداری دەکەین... بەهۆی ئەو (تۆ)وە بچووکەوە ئەوانەی خۆیان تەریك دەگرت لەیەك نزیك بووینەوەن جیاوازی لە نێوانماندا نەما، بووینە ئەندامی یەك خێزان، ڕەنگە هەندێ گومان لەمە بکات، بەڵام ئەوە ڕاستیەکەیەتی، زیادە ڕۆیی تێدا نییە.. لە دەرەوە ژیان بە هەموو چەشنەیی خۆیەوە، بەو هەموو تەرزەوە (تۆ)وێکی ئاوا سەرنجی کەس ڕاناکێشێ، بەڵام ئەم کارە لە بەندیخانەیەکدا شتێکی ترە، با دیلی دەستی دوژمنیش بی، با چواردەورت تەنرابێ، کارێکی وا بە ژیانتەوە دەبەستێ، مانایەکی دیکەی ژیانت پێشان دەدا.

ئەمجارەش بیست دەقیقەکە زوو کۆتایی هات، چاومان نوقان و کردەوە تەواوبوو، هەمدیس بەرەو قاوشەکانیان بردین. زۆری پێ نەچوو دیسانەوە هاتن و (سافیناز)یان برد، دەورەماندا:

"خـۆت ڕاگـره! کـچە جوانەکـە کـۆڵ نـەدەی.. بڵـێ کـەس ناناسـم تێگەیشتی! ناناسی.."..  ئاوامان بە گوێدا چرپاند، لـە باوەشـمان گـرت، ماچمان کرد وتمان:

- پشووت بێ.. شەرمەزارمان نەکەی... کەس ناناسی... ناناسی..

ئەویش باوەشی پێماندا کرد، نەیدەویست بەجێمان بهێڵێ.. (مـەهێڵن بمبەن).. ئاوای گوت، ئێمەش باوەشمان لێدا، نەمانویست بیبەن، بـە کـوڵ گریـا، بـەڵام بـێ فرمێـسك.. لـەپڕ تەماشـاکەی گـۆڕا، هـەمان ئـەو تەماشایەبوو، کە یەکەمجار هاتە ئێرە، وەك تەماشی ئاسکێکی سرکی بەر قـەرەوڵ، هـەر یەکـەو پاڵێکیـان پێوەنـاین، بەملاوبـەولادا کـەوتین، کچەکەشیان لە دەستمان دەرکرد و بردیان، چاویان بەستەوە، دەسـتی بـۆ پێشەوە درێژکرد، وەك بۆ ئێمە بگەڕێ و بیەوێ بماندۆزێتەوە... لە پڕێکـا وتی:"ببوورن بەرگەناگرم.. ئاههه..".

ئافرەتەکان وەك ئـاوێکی سـاردیان بەسـەردا بکـەی وایـان لێهـات.. پەشـۆکان.. ئومێـدبڕبوون.. "ئـەم کـچە خـۆی پـێ ڕانـاگیرێ و بەرگـە ناگرێ..." هەموومان ئاوامان گوت... "کچێکی ناسك و نازداری ئـاوا، چۆن دەتوانێ بەرگەی ئەو جەزرەبەیە بگرێ؟...".

بردیان.. چرکەو سەعاتمان لێ بووە ساڵ، بـووە زینـدانێکی تـاریکی زیندان لە ناو زیندان‌دا چ زەحمەتە... هـەموومان بـە پێـوە ڕاوەسـتاوین،

کـەس نقـەی لێوەنایـەت، سەرسـامین.. دەنگـی کرانـەوەی دەرگاکانمـان دەبیست.. ئەمجا دەرگای قاوشەکەی ئێمەیان کردەوە.. پاڵێکیان پێوەنـا.. کەوت. بەدیار سەریەوە بووین... ئاه ئەوە چیە؟ ددانەکانیان شـکاندبوو، لێوە جوانەکانی تەپەسکابووە ناو دەمیەوە، هەمدیس جەستەی سـەراپای زامدارە، خوێنی لەبەر دەڕۆیی و نەدەوەستایەوە، ئەوەی بەچـاو نـەیبینێ بڕواناکات.. بەویەك دوو سەعاتە (٢٠) ساڵ تەمەنی گەورەتر دیـاربوو.. "ئەی زاڵمی فاشیانەی بێ بـەزەیی.." بـەدەنگی بـەرز هاوارمـان کـرد، جوێنماندا، لەپڕ دەرگاکـان کرانـەوە، جەندرمـەکان هـاتن، شـەلم کـوێرم دەستناپارێزم، بە قامچی کەوتنە وێزەی هەمووماں، ئێمـەش بـە نینـۆك ڕوومەتیانمان ڕووشاند، قژمانیان دەسەکەنە کرد، لەهێزکـەوتین.. توانـای جوڵانەوەمان نەمان بەڵام ڕق وکینەمان زیادی کرد قینمـان چـوون ئـاوی ئاراس هەڵدەچوو، قـین و تووڕەییمـان بوونـە زنجـیرە شـاخێکی سـەخت، هەستیان پێ کرد، ترس و سڵکردنەوەیانمان بە چاوی خـۆ دی، کـشانەوە، دەرگاکانیان کلۆمدا و ڕۆیشتن.

- - -

ڕۆژانێك ژیانمان بەو تەرحە بەسـەر بـرد، تیمارمـان کـرد، زامـەکانی گۆشتەزینیان هێنایەوە، خەریك بـوو بـە تـەواوی چـاکدەبوەوە، دووبـارە دەستیان بە ئەشکەنجەدانی کردەوە، لەشیان ئەنجن ئەنجن دەکـرد و دەیـان

هێنایەوە... هەرچیان کرد ئـەو کـچە نهێنـی نەدرکانـد، خـۆی ڕاگـرت. هەموو جارێکیش دەچووینە دەرەوە، لەگەڵ ئێمەدا چـووزەرەکەی بەسـەر دەکردەوە.. هەموو جارێکیش دەیگوت:"وا خەریکە خونچە دەکات..".

ئومێـدی بـە چـووزەرەکە بەسـت.. ئاخرییەکـەی گـەڵای ورد وردی دەرکرد. تەنها سێ گەڵای لێ پەیدابوو، سێ گەڵای سەوزی جوان، پـڕ لـە ژیان، تیشکی دەدایەوە، خۆڵەکەی لادابوو، بە ئاشکرا چەکەرەی کردبوو.

خروشاین، بە جارێ خرۆشاین، چۆن خرۆشانێ؟.

یەکشەموان لە قاوشەکانیان دەرنەدەهێناین، باشە ئەم دوو ڕۆژە چـۆن بەسەربەرین؟! چۆن ئـارام بگـرین؟ کـە دەرچـین چ ڕەنگێکـی دەبـێ؟... لالەکەمان، نێرگسەکەمان، گوڵە نیسانەکەمان ڕەنگی چی دەبێ؟ لەبارەی گوڵ و خونچەوە گەلێ حەکایەت و بەیتمان گێڕایەوە... گۆرانیمان چـڕی، بەدیاری چیاکانمان زانی، چیاکانیش ئێمەیان لەبیرنەچۆتەوە.. بۆیە زۆرمان خۆشدەویست...

(سافیناز) هاتبووە خۆی، هەرچیمان دەست بکەوتایە حەزمان دەکـرد دەرخواردی ئەوی بدەین...

"دەئێوەش لە گەڵما بخۆن..."

"نەخێر خوشکە جوانەکەمان با هۆشت بەبەرا بێتەوە..."

کاتی دەرچوونمان هات، سافیناز هۆشێکی بەبەرا هاتبوو، وەك خۆمان بۆ جەژن ئامادەبکەین، جلەکانمان گۆڕی، قژمان داهێنا، تەنها دوو سابوونی بۆنداری لێ بوو دەمو چاومان پێ شۆرین.. دەرگا کرایەوە، بە پاڵەپەستوو و پەلەپەل دەرچووین. چی ببینین باشە؟.. خونچەکەمان لە ژێر پۆستاڵدا پلیشابووەوە.. ترسێکی سارد هەمووماني داگرت، لەپڕ هاوارێك بەرزبووەوە.. وەك هەمووومان چاوەڕێی هاوارێکی ئاوابین.. هەندێکمان مات و خامۆش هەندێك فرمێسکی ڕشت.. ساواکەمان کاتی لە دایکبوونی بوو کوشتیان.. سەرسامی بووین... واقمان وڕما، بۆ یەکەم جار هێشتا (٢٠) دەقیقەکە تەواو نەبووبوو گەڕاینەوە قاوشەکان..

ئەمجارەش هاتن و (سافیناز) ببەن.. بەڵام کارێکی نەکردەنیە، نەبووە و نابێ –نایدەین- دەستەویەخە کەوتینە گیانی یەکتر، جەندرمەکان چاوەڕێی کارێکی وا نەبوون، ئەوان چەکداربوون ئێمەش بە نینۆك و ددان، هیچیان پێ نەکرا، جەندرمەی تر هاتن، ئاخرییەکەی (سافیناز)یان برد...

زۆری نەخایاند هێنایانەوە.. ئەمجارەمان بە پێی خۆی هاتەوە! لە گوڵ کاڵتریان پێ نەوتبوو، لێیان نەدابوو، بەڵام دەگریا، بەکوڵ دەگریا..! سەرسام بووین، پەشۆکاین.. ئەو ئەشکەنجە زۆرە فرمێسکی پێ نەدەڕشت، ئێستا بێ ئەشکەنجەدان خوڕان خوڕان فرمێسك دەڕێژێ... هەمووومان متبووین.. من خۆم پێ نەگیرا...

"سافیناز خێره؟ چ بووه؟!"

بەدەم هەنسکەوە:

"وتم.. هەموو شتێکم درکاند..".

"شێت بووی؟ کاری وا چۆن دەکەی؟".

"کردم.. هەموو شتێ کۆتایی پێ هات..".

"ئەشکەنجەیاندای؟!"

"نەخێر.. لێیان نەدام، خۆشم نازانم چۆن بوو.. نازانم.. نازانم هەموو شتێکم وت.."

ئافرەتەکان کۆبوونەوە

"نازانم.. نازانم، نەمزانی چۆن هاتە سەر زبانم و درکانم.. هەموو شتێکم گوت.. بمکوژن با نەمێنم..".

نەماندەزانی چ بکەین! هەوڵماندا دان بە خۆمانا بگرین.. منیش کەوتمە دڵە ڕاوکێ.. دڵە ڕاوکێیەکە تا دەهات گەورەتر دەبوو، هەموو بوونمی گرتەوە... ختوورەیەکی بەسام.. منیش قسەدەکەم؟!! هاوڕێکانم بەگرتن دەدەم؟!!.. سەرم گێژەی دێ.. ئای خودایە.. ئەگەر وام کرد ئەی دواجار چی بکەم؟ .. هەر لە خۆمەوە بیرم لە خۆکوشتن کردەوە، باشتر، چونکی بەمردنم چەندین هاوڕێمی پێ ڕزگاردەبێ.. بەمەیان هەستم بە ئارامی کرد، لەگەڵ خۆمدا کەوتمە هەڵسەنگاندنی خۆ کوشتنەکەم..

دواجار هەمدیس ترسەکە سەری هەڵدایەوە.. ترسی نەمان.. لەم کاتە، چووزەرەکەم کەوتە بیر... منداڵە ساواکەمان، خونچەکەم وەبیرهاتەوە چۆن پۆستاڵ فلیقاندییەوە.. ئەگەر وای لێ نەهاتبا، گوڵەکەی چی ڕەنگێکی دەبوو، ڕەنگە شینێکی تۆخ بوایە.. لەوانەبوو سوورباو بوایە.. ڕەنگە وەنەوشەیی دەبوو، یا هەرچی ڕەنگ لەم دنیایەدا هەیە ڕەنگ لەو هەبوایە، بەلام کوشتیان، هەرسێ گەلا گەشەکانی بەچەمەنتۆکەوە نووسان.. خوێنی کەسکی گەلاکان رژاوچوونە خانەی نەمانەوە.. منیش ئاوا لە چاو تروکانێکدا دەسڕێمەوە.. هەمدیس گێژەڵۆکەی ترسدای بە سەرما، لەگەڵ خۆمدا تووشی بگرەو بەردەبووم، کەوتمە گاڵتەکردن بەخۆم.. "ئەگەر ئامادەنیت گیانی خۆت ببەخشیت ئەم هەرایەت لەپای چی..".

بەمە قەرس بووم، خۆم ئامادەکرد، بەتەواوی بڕیاری خۆمدا.. دەرگا دەکەنەوەو بانگم دەکەن، ئای لە لێدان و ئازار.. پەلەکێشم دەکەن.. لە هاوڕێکانم جیام دەکەنەوە.. دەستم چاوم دەبەستنەوە دەمبەن.. لە ڕێڕەوێکەوە بۆ ڕێڕەوێکی دیکەم دەبەن... ئای ئەو ڕێڕەوانە.. ماوەیەك ڕۆیشتین، لەبەر دەرگایەك ڕایانگرتم.. یەکێکیان دەرگاکە دەکاتەوە دەمبەنە ژوورەوە.. ئەمە چ بۆنێکە لەم ژوورە؟

بۆنی گۆشتی گەنیو بەگرڤاچوو.. خـۆم گـرت.. خـەریکم دەخنکـێم.. بەرگەی بۆنی واناگرم.. پەرۆکەی سەرچاوم لادەدەن.

لە پێشدا هیچم بۆ لێك جیانەکرایەوە، دواجار بە مەزەنـدەی ئێـوە چ ببینم باشە؟ مرۆڤێك بە زنجیرێکی گـەورە هەڵواسـرابوو. جـێ لێدانـەکان لەسەر جەستەی دیـاربوو.. بـەحاڵ نـوزەی دەهـات.. بەسـەر سـامییەوە تەماشای ئەو جەستە شێواوەم کرد.. بەحاڵ چاوی تێ بڕیم.. تەنها چـاوی زیندووبوو.. زاق زاق تەماشای کردم.. تەماشاکەی ئاسایی نـەبوو.. بـەو تەماشاکردنەی دوژمنی شێت و هارکردبوو، تەماشانەبوو هاوارێك بوو... ئا.. من ئەو چاوانە دەناسم.. چەندین جار یەکمان بینیـوە، بـەڵام نـازانم سەر بەکام گروپ و تاخمە.. گرنگ نییە دەیناسم.. ڕوویان لە من کرد:

ـ سۆزانی ئەگەر قسە نەکەی بەم دەردەت دەبەین.. .

وایان گوت هەمدیس چاومیان بەستەوە و لەو ژوورەیـــــــان دەرکردم.. لەدواوە دەنگێکی زوڵاڵ دایچەڵەکانم کەس بڕوا ناکا دەنگێکی وا لەو جەستە ئەنجن ئەنجن کراوەوە هەڵسێ..

ـ قسەنەکەی خوشـکێ! ئـازاری ئەشـکەنجە زوو لـەبیر دەچـێ، بـەڵام ئازاری ئیهانەت بەدرێژایی تەمەن نابڕێتەوە..

دەنگەکە بەرز و بەرزتر، گەورەتر، زەڵاڵتر دەبووەوە، هەموو جەسـتەم مێشکم لێی پڕبوو بە هەموو زیندانەکەدا دەنگیدایەوە..

"قسەنەکەی.. هیچ نەدرکێنێ.. ئازاری ئەشکەنجە زوو دەڕوا دەڕواواوا..."

هەموو شتێکم لەبیرنەما، هیچ هەر هیچ.. هەتا ناوی دایك و باوکیشم نەدەکەوتە بیرم، تەنها ئەو دەنگە لە مێشکمدا دەنگی دەدایەوە..

"قسەنەکەی... قسەنەکەی..".

تەنها دەنگەکەو مەیدانێکی پان و بەرینی شینایی و هیچی تر لەگەڵ پارچەیەکی ئاسمانی ئەم نیشتمانە.. شینایییەکە هەمەڕەنگە گوڵی تێدا دیاربوو.. مۆر، وەنەوشەیی.. گوڵ یەك پارچە گوڵ... جارجارە تەمێکی سپی گوڵەکانی دادەپۆشی، هەندێ جار تەمەکە دەڕەوییەوە.. گوڵەکان شەپۆل دەدەن.. بەزمێکە لە ڕەنگ.. شنە بایەك دەیانهێنێ و دەیانبا... گوڵەکان، خونچەکان تێکەڵ یەکتردەبن.. باوەشیان لە یەکداوە.. دەنگەکە هەر دەنگ دەداتەوە.. قسەنەکەی..

چ دەنگێکە ئەم دەنگە.. قسەنەکەی...

گوڵ و خونچەکان بەیەکدا دێن... سافیناز لەناو گوڵەکاندا دەکەوێ و هەڵدەستێتەوە.. دەنگەکەش هەر دەبیسترێ... قسەم نەکرد لە دەلاقە بچووکەکەوە تیشکی خۆر دزەی کردووە.. ژیان چەند خۆشە.. بڕوانە چەند جوانە.